**بەشی راگەیاندن**

**قۆناغی دووەم/بەیانیان و ئێواران**

**وانەی: میدیای نوێ**

**2023-2022**

**میدیای نوێ.. سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوون:**

ئامرازی میدیای نوێ وەکو دەستەواژە لە کۆتایی سەدەی بیستەمداو لەدەرەنجامی تێکەڵکردنی ئامرازەکانی میدیای کۆن (کلاسیک) وەکو: فیلم و وێنەو میوزیک و وشەی چاپکراو و گوتراو، لەگەڵ توانای کارلێککردنی کۆمپیوتەرو تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان سەریهەڵدا، جێبەجێکارییەکانی شۆڕشی زانستی کە لەبواری پەیوەندیکردن و میدیایی بەخۆیەوە بینی، شۆڕشی تەکنۆلۆژیا لەبواری پەیوەندیکردن بۆ زاڵبوون بەسەر فەزا و سنووری سیاسیدا بەشداربوو، کە بووە هۆی ڕوودانی میدیای نوێ و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە جۆری چەندایەتی و چۆنیەتی لە ئامرازەکانی میدیا.

میدیای نوێ شۆڕشێکی گەورەی زانیارییە کە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرجەستەی دەکەن، ئەم جۆرە لە میدیا بە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەسەندنی دێت لە ڕوی مرۆڤایەتیەوە و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کەرتی میدیا بۆ دوو بەرە دابەش ببێت، کە ئەوانیش میدیای تەقلیدی و میدیای نوێیە.

لەگەڵ گەشەسەندی تەکنەلۆجیا، میدیای نوێ خۆی خزاندووەتە نێو دەستی هەموومان وەک بەکارهێنانی تەلەفۆنە زیرەکەکان و بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لێی لە بڵاوکردنەوەی وێنە و هەواڵ و ڤیدیۆو سەرجەم ئەو شتانەی کە دەمانەوێت لە تۆڕەکان بڵاوی بکەینەوە و هەموو شێوازەکانی مۆنتاژی فۆتۆیی و ڤیدیۆیی تیادا ئەنجام بدەین وتەنانەت بە ئاسانی دەتوانین پەخشیان بکەین، کەواتە هەموو ئەمانە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت،کاریگەری نەرێنی لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتی نەتوانێت بە سانایی و ئاسایی بجولێتەوە، چونکە بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی.

**هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی میدیای نوێ:**

چەندین هۆکاری هونەری تەکنۆلۆژی و ئابووری و سیاسی لەپشتی دیاردەی میدیای نوێیەوە هەیە کە بریتین لە:

1- هۆکاری هونەری تەکنۆلۆژی: خۆی لە گەشەکردنی بوارەکانی تەکنەلۆژیای مانگی دەستکرد و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ئامێری کۆمپیۆتەر و مەڵتیمەدیادا دەبینێتەوە، کە بووەتە هۆی نوێکردنەوەی میدیای کلاسیک و دەرکەوتنی میدیای نوێ و زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی بواری میدیا

ڕەخساندووە و کارئاسانی بۆ سوود وەرگرتن و بەکارهینانی ئامرازە میدیاییەکان دروستکردووە، هەر بۆیە گەشەکردنی لایەنی تەکنیکی کارئاسانیەکی گەورەی بۆ بەکارهێنەرانی ئامرازە میدیاکان دروستکردووە، مامەڵەی ئاسان و هەرزانبوونی نرخ و خێرا بڵاوبوونەوەی تەکنیکەکانی بواری میدیا، ژینگەیی میدیایی گۆڕیوە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی پەیدابوونی ئەم میدیایەیە، کەبە میدیای نوێ ناوزەد دەکرێت.

2- هۆکاری ئابووری کە بریتییە لە بەجیهانگیری ئابووری و ئەو داواکارییانەی کە خێران لە جوڵەی کاڵاو دەست مایەکان کە بەپێ ئەو ڕۆڵە خێرایی لەهەڵقووڵانی زانیارییەکان ڕوودەدات. ئەمەش تەنها ئەوە نییە کە زانیارییەکان دابەشکراوێکی هاوبەشن و پشتیوانی هەموو چالاکییە ئابوورییەکان بەبێ هەڵاوێرکردن دەکات، بەڵکو بەوپێیەی هەر زانیارییەک خۆی لەخۆیدا کاڵایەکی ئابوورییە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگی زیاتر دەبێت. بە مانایەکی دیکە بەجیهانگیری سیستمی میدیاو پەیوەندییەکان بریتیە لە ئامرازێکی بەهێزی ئابووری بۆ بەجیهانگیری بازاڕو گەشەسەندنی نەزعەیەکی بەکاربەر لەلایەک، و دابەشکردنی کاڵای دروستکردنی ڕۆشنبیری لەمیوزیک و یارییەکان و پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکانی لەلایەکی دیکە.

3-هۆکاری سیاسی: کە بریتییە لە بەکارهێنانی زیاتری ئامرازەکانی میدیایی لەلایەن هێزە سیاسییەکان بە مەبەستی توندکردن لەسەر ڕێڕەوی کاروبارەکان و پاراستنی جێگیربوونی تەرازووی هێز لەجیهانێک کە شڵەژانەکانی پڕ لەململانێ و هاودژەکان توندن، و بەشێوەیەک تێکەڵکێشییەک لەنێوان هۆکارە هونەری و ئابووری و سیاسیەکاندا هەیە، وای لە میدیای نوێ کردووە کە پرسێکی زۆر دڕکاوی و ئاڵۆز بێت، و گۆڕەپانێکی گونجاو و لەبارە بۆ ململانییە جیهانی و هەرێمایەتی و ناوەخۆییەکاندا.

4- هۆکاری کۆمەڵایەتی: دەبێتە هۆی گۆڕینی کەلتور و داب و نەرییت وڵاتان وە دەبێتە هۆی گرنگیدان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیان و هاندانیان بەرەو بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ بۆ وەرگرتنی هەواڵەکان و زانیارییەکان چ نێوخۆیی(لوکالی) یاخود جیهانی وەک: پێگە هەواڵییەکان، لاپەڕەکانی میدیای کۆمەڵایەتی یان ئەپەکانی میدیای مۆبایل، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێوازی ژیانی خێرا پێویستی بە بەدەستهێنانی زانیاری هەیە بەشێوەیەکی ئاسانتر و خێراتر، هەروەها ئارەزووی جەماوەر بۆ بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دۆستانە کە بەبێ هەبوونی میدیای نوێ ناتوانن ئەم کارانە ئەنجام بدەن.

5- میدیا: هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی میدیای نوێ بریتی بوو لە لاوازی میدیای تەقلیدی(ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەڤزیۆن) لە ئاست روماڵی خێرای رووداوەکان و، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە جەماوەر، پاش بەرجەستەبوونی کۆمەڵگەی زانیارییەکان و، بچووکبوونەوەی جیهان بۆ گوندێکی

بچووک هەروەک مارشاڵ ماکلۆهان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم ئاماژەی پێکرد، کە ئەویش دەرهاوێشتەی پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنۆلۆژیای نوێی گەیاندن و راگەیاندن بوو.

**پێناسەکانی میدیای نوێ:**

میدیای نوێ (New Media) یاخود میدیای ژمارەیی (Digital Media) دەستەواژەیەکەو هەموو هونەرییەکانی پەیوەندیکردن و زانیارییەکانی ژمارەیی لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەو بەکاربردن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەو زانیارییانەی کە دەمانەوێ لەو کات و بەو شێوەیەی کە دەمانەوێ بەهۆی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان (ئامرازەکان) کە بە ئینتەرنێت لکاوە یاخود نا و کارلێکردن لەگەڵ بەکارهاتووەکان کێ بن لەهەر کوێ بن بکەن.

(ئینسایکلۆپیدیای ویب ئۆبیدیا) لەبارەی پێناسەی میدیای نوێ دەڵێت: دەستەواژەیەکە هەموو شێوازەکانی پەیوەندیکردنی ئەلیکترۆنی جیاواز لەخۆدەگرێت کە دەکرێت لەرێگەی هونەریی تەکنەلۆژیایەکانی کۆمپیوتەرەوە بەکاربهێنرێت. لەگەڵ رەچاوکردنی پەیوەندی ئەم دەستەواژەیە بە ئامرازەکانی میدیای کۆن (کلاسیک)ەوە وەکو رۆژنامە چاپکراوەکان و گۆڤارەکان کە وێنەو تێکستەکان لەخۆ دەگرن.

فەرهەنگی تەکنۆلۆژیای بەرز (High-Tech Dictionary) بەشێوەیەکی کورت پێناسەی میدیای نوێ دەکات کە بریتیە لە "پێوەلکاندنی کۆمپیوتەر بە تۆڕەکانی کۆمپیوتەر و ئامرازە هەمەجۆرەکان".

لیستەر (Lester) پێیوایە: کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردنە کە لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمپیۆتەر و ئامرازەکانی راگەیاندنی کۆن، چاپکردن و ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی و دەنگ دروست دەبێت.

**میدیای نوێ چەندین دەستەواژە هەیە کە ئەمانەن:**

شارەزایان و پسپۆرانی بواری رۆژنامەگەری، زۆر زاراوەو دەستەواژەی جۆراو جۆریان بۆ ئەم شێوازەی راگەیاندنە داناوە، وەک: (رۆژنامەگەری گشتی، رۆژنامەگەری بەشداریکەر(participatory journalism)، راگەیاندنی دیموکراتی (democratic media)، میدیای سەرچاوەی کراوە (open-source media)، پێگەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی، رۆژنامەگەری شەقام (street journalism)، راگەیاندنی ئەلتەرناتیڤی (alternative media)، میدیای کۆمەڵایەتی، رۆژنامەگەری میللی (alternative media)، رۆژنامەگەری هاووڵاتی هەرچەندە جیاوازی کەم لەنێوان ئەم زاراوانانە هەن، بەڵام تێروانینی هەر هەموویان خۆیان لە یەک ئاراستەدا دەبینەوە.

**هەندێ لە ناوە جیاوازەکانی دیکەی میدیای نوێ:**

میدیای نوێ بەچەندین ناوی جیاواز هاتووە، ئەم فرە ناولێنانەش گوزارشتە بۆ بەکارهێنانە نوێیەکانی ئەمجۆرە میدیایە. لەو ناوە جیاوازانەش کە بۆ میدیای نوێ بەکاردەبرێت:

1- میدیای دیجتاڵی (Digital Media): ئەم چەمکە وەکو وەسفێکە بۆ ئەمجۆرە میدیایە کە سوود لە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی وەک: تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ و ڕادیۆی دیجیتاڵ...هتد وەردەگرێت. یاخود وەک ئاماژەیەکە بۆ ئامرازێکی میدیایی کە ئاوێتەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرە. یان هەر سیستەمێک لەگەڵ کۆمپیوتەر لێکبدرێ.

2- میدیای کارلێککردن (Interactive Media): بنچینەی ئەم چەمکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕێژەیەکی بەرز لە بەخشین و وەرگرتن واتە"کارلێککردن" لەنێوان بەشداربووەکانی ئەمجۆرە میدیایەدا بەدی دەکرێت. یان جۆرێک لە حاڵەتی کارلێککردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و بۆچوون و ئەزموونە جیاوازەکان فەراهەم دەکات لەنێوان بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت و تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیی ژمارەیی و ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی.

3- میدیای سەرهێڵا (Online Media): واتە ئەو جۆرە میدیایەی کە هێڵەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندن پشت بەستووە بە وێب تەکنەلۆژی و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنەوە.

4-میدیای سایبەر(Cyber Media): ئەم چەمکە لە فەزای سایبەرەوە"Cyber Space" هاتووە کە"وڵیەم گیپسن"ی نووسەری چیرۆکی خەیاڵە زانستییەکان ساڵی 1984 بەکارهێنا لە چیرۆکەکانیدا.

5- میدیای زانیاریی(Info Media): ئەم چەمکەش گوزارشتە بۆ ئاوێتەبوونی کۆمپیوتەر و گەیاندن و سەرهەڵدانی سیستەمێکی میدیایی نوێ کە سوود لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان وەردەگرێت.

6- میدیای تێکچرژاوەکان(Hypermedia): چەمکی میدیای زانیاریی بۆ ئەو سروشتە ڕایەڵەییە دەگەڕیتەوە کە لەمجۆرە میدیایەدا بەرجەستەبووە، واتە بوونی توانای بونیادنانی ڕایەڵە و تۆڕی زانیاری پێکەوە بەستراوی هەیە بەهۆی هایپەرلینکەوە "Hyperlinks". ئەمەش لەبەر ئەو تێکچڕژان و بەیەکداچوونەی لەم جۆرە میدیایە بەدی دەکرێ کە توانای دروستکردنی تۆڕیکی زانیاری بە یەکەوە بەستراوی هەیە لە ڕێگەی دانانی چەندین لینکی جۆرا و جۆر لە ناو جەستەی یەک بابەتدا.

**خەسڵەتەکانی میدیای نوێ:**

میدیای نوێ میدیایەکی دینامیکی و کارلێکە کە تێکست و دەنگ و وێنە لەیەک کاتدا کۆدەکاتەوە، و هەندێ خەسڵەتی ئەو میدیای نوێیەی دیاریکراوە کە بریتییە لە:

1- کارلێکردن لەنێوان سەرچاوە و وەرگردا، ئەوەش دەرفەتی ڕەخنە و توانج لێدانی رەخساندووە.

2- گۆڕینی وەرگر بۆ بڵاوکەر کە دەتوانێ بەئارەزووی خۆی نووسین بڵاوبکاتەوە.

3- میدیایەکە و دەتوانێ هۆکارە هەمەجۆرەکان بهێنێ و لەیەک کاتدا پەل بۆ وشە و وێنە و گرتەی ڤیدیۆ ببات.
4- تێکەڵکردنی لەگەڵ دەروازەکانی میدیای کۆن (کلاسیک) و تێگەیشتنی بۆی.
5- ئاسان بەکارهێنانی، رەخساوە بۆ هەمووان چ لەڕێگەی مۆبایلی دەستیانەوە بێ یاخود لەڕێگەی کۆمپیوتەرەکانیانەوە بێت.

**تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ**

1- کارلێکی (التفاعلي): لە کۆندا میدیا تەنیا نێردەر بوو، وەرگریش تەنیا وەرگر ئەگەر فیدباکێکی ناڕاستەوخۆی هەبووبێت، بەڵام دوای هاتنی میدیای نوێ و ستۆدیۆ راستەوخۆکان لە ئەمڕۆدا کاتێک پەیامەکان لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە دەدرێنە وەرگر، ئەمە کارێکی پەیوەندیکردنی تایبەتە بۆ ئاراستەکردن و ئاڵوگۆڕکردن. واتە ئاراستەکردنێکی یەکلایەنی نییە، بەڵکو گفتوگۆیەکە لەنێوان دوو لایەندا و راستەوخۆ وەرگر دەتوانێت وەڵام و کاردانەوەی هەبێت بۆ پەیامەکان، کارلێکردن توانای پەیوەندییەکی نوێیە و وەڵامدانەوەیەکە لەلایەن بەکارهێنەرانیەوە، پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیش لە میدیای نوێدا سەریهەڵداوە کە ئەمە مۆدێلێکی نوێی میدیایەکە کە تیایدا وەرگریش توانای بەشداریکردنی هەیە. جگە لەوەی توانیویەتی وەرگر و نێردەر لەیەک کەسدا کۆبکاتەوە، واتە هەموو بەکارهێنەرەکانی سۆشیاڵ میدیا وەرگر و لە هەمان کات نێردەریشن.
2- جۆراوجۆری (التنوع): واتا هەمەڕەنگی لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا، لەهەمان کاتدا هەمەچەشنی لە پەیامەکان، لەیەک کاتدا دەنگ و رەنگ و تێکست لە بەردەستی وەرگردایە کە وا لە وەرگر دەکات، ئازاد بێت و کۆمەڵێک هەڵبژاردەی هەبێت بۆ وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان و بەکارهینانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان، پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەرگر لە رێگەی ئەو کەناڵەی کە خۆی چێژی لێ دەبینێت.
3- پابەندنەبوون (اللالتزامنية): نوێگەرییەک کە میدیای نوێ کردی پەیوەست نەبوون بە کات و شوێنە، لە میدیای کۆندا دەبوو چاوەڕێی کاتە دیاریکراوەکانی هەواڵ و زانیاری بیت لە تەلەفزیۆن، یان دەرچوونی رۆژنامەکان، یان رادیۆ و هەندێک لەم ئامێرانە نەدەتوانرا لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکار بهێندرێت، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هاتنی چەندین ئامرازی نوێی وەک مۆبایل و ئایپادو و ئایپۆدو...هتد لەهەر کات و ساتێکدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و زانیارییەکان پەیوەست نەبن بە کاتی دیاریکراو بۆ پەخشبوونیان.
4- جیهانی بوون (الكونية): تایبەتمەندیی جیهانی هەیە و وابەستە نییە بە وڵاتێک، یان ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی، یان لۆکاڵی بوونی بابەت و زانیارییەکانی، یان بەکارهێنەرەکانی، ژینگەی

پەیوەندیکردن بووەتە ژینگەیەکی جیهانی و هەموو سنووریکی کات و شوێن و سانسۆڕەکانی تێپەڕاندووە.

5- تەواوکاری و پارێزراوی (التكامل): بۆ زانیارییەکانی ناو میدیای نویٚ تاکەکان دەتوانن هەر بابەتێک کە مەبەستیانە بیپارێزن و هەڵیبگرن لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەبەر ئەوەی لە سیستمی ژمارەییدا دەتوانرێت سەرجەم زانیارییەک هەڵبگیرێت و بە پارێزراوی بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە.

6- نا جەماوەری (اللاجماهيرية): وەک چۆن لە بوارەکانی دیکەدا خاسییەتی جیهانی هەیە لە جەماوەر و بەکارهێنەرەکانیشیدا، هەر بەو شێوەیە واتە پەیامەکان تەنیا بۆ تاکێک، یان کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان بۆ جەماوەرێکی گەورە نییە، وەک ئەوەی کە هەبوو لە پێشتردا، هەروەها کار دەکات لەسەر سیستەمی پەیوەندیی راستەوخۆ کە راستەوخۆ لە نێردەرەوە دەگاتە وەرگر.

7- کۆکەرەوەی کۆمەڵێک ئامراز پێکەوە (اندماج الوسائط): میدیای نویٚ هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی بەکاردەهێنێت، وەک: کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئایپادو ئایپۆدو لەهەمان کاتدا دەق و وێنەی وەستاو، وێنەی جووڵاو هەروەها وێنەی دووانی و سیٚ لایەنی و چوار لایەنی و...هتد.

8- توانای گەیاندن و گواستنەوە (قابلية التحويل و التوصيل): واتە لە گواستنەوە و گەیاندنی زانیارییەکان دەتوانین بە رێگەی ئامرازێکەوە پەیامەکان پەیوەست بکەیت بە ئامرازێکی دیکەوە، وەک ئەو تەکنیکەی کە پەیامێکی بیستراو دەگۆڕێت بۆ پەیامێکی نووسراو، هەروەها ئامادەیی لە گەیاندنی مەبەست بە یەک گەیاندنی دوو ئامێرە کە لە ئەنجامدا پەیامێکی میدیایی دەگوازێتەوە، وەک گواستنەوەی زانیارییەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ لە رێگەی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەوە.

9- تێپەڕاندنی بەربەستی رۆشنبیری (تجاوز الحدود الثقافية): زۆر جار گەشەی رۆشنبیر وابەستەی کات و سەردەم و تایبەتمەندیی جوگرافیی خۆیەتی، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتێک جیاوازە لە وڵاتیکی دی، بۆیە رەنگە ئەمە وابکات ئاست و گەشەی رۆشنبیریی تاکەکان جیاوازتر بێت لە ئاست و گەشەی رۆشنبیریی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە هەروەک دەوترێت تۆڕی ئینتەرنێت بە تۆڕی تۆڕەکان ناسراوە، تۆڕەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی هەموو ساڵێک لە گەشەکردندایە بە رێژەیەکی زۆر گەورە بەردەوامە و ئەمەش بۆتە هۆی بارگرانی و قورسبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی و گەشەکردنی، هەروەها بەکاربەرانی ئینتەرنێت ساڵ لەدوای ساڵ لە گەشەکردندایە کە هەموو سنوورە جوگرافییەکانی بڕیوە و جیهانی بچووک کردۆتەوە بۆ گوندێکی بچووک و سەردەمی گلۆباڵیزەیشن دروست بووە.

10- ئاگاداربوون و لیٚ وردبوونەوە (الانتباه والتركيز): وەرگر بە حوکمی بەردەستیی ئامراز و پەیامەکانی راگەیاندنی نویٚ، زۆرتر دەتوانێت ئاگادار بێت و تەرکیزو لیٚ وردبوونەوە بکات بە پەیامەکاندا و چەند جارێک سەیری بکات و بیبینێت، یان بیخوێنێتەوە.

11- هەڵگرتن و پاراستن (التخزين و الحفظ): سرووشتی ئەم میدیایەیە وایە زۆر ئاسان بە بێ بەکارهێنانی ئامێری دیکەی وەک هارد، سی دی و کاسێت دەتوانیت بابەتەکان خەزن بکەیت و هەڵیبگریت. کاتێک وەرگر توانای هەڵگرتن و پاراستنی مادده میدیاییەکانی هەبێت، ئەوا هۆکارێک دەبێت بۆ زیاتر گرنگیدان بە پەیامەکان بەپێی کاتی گونجاوی وەرگر.

**بەشەکانی میدیای نوێ:**

میدیای نوێ دەکرێتە چوار بەش کەبریتین لە:

1- میدیای نوێی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت (Online) و جێبەجێکاریەکانی، زۆر نوێیە بە سیفەت و خەسڵەتێ کە پێشتر نەبووە، و زوو گەشە دەکات و جێبەجێکاری دیکەی لێ لەدایک دەبێت.

2- میدیای نوێی سەر ئامێرە هەڵگیراو، لەوانە ئامێری خوێندنەوەی کتێب و رۆژنامە، ئەویش گەشەسەندنی خێرایە و جۆری دیکەی نوێی لێ دروست دەکرێت وەکو مۆبایلەکان.

3- جۆرێکن لەئامرازە کۆن (کلاسیک)یەکاندا هەیە وەکو رادیۆ و تەلەفزیۆن و تایبەتمەندی نوێی بۆ زیادکراوە وەکو کارلێکی ژمارەی و وەڵامدانەوەی پێداویستی.

4- میدیای نوێی ناو کۆمپیوتەر، کەئەمەش یان لەرێگەی تۆڕەوە دەگوازرێتەوە، یاخود لەرێگەی ئامرازەکانی عەمبارو هەڵگرتنی جیاواز وەکو دیسک و سی دی وەکو نمایشی بینین و گەمەی ڤیدیۆیی و کتێبی ئەلیکترۆنی و..تد.

**رەگەزە پێکهێنەرەکانی میدیای نوێ:**

هەندێ لەو رەگەزە پێکهێنەرانەی میدیایی نوێ:

1- دابینکردنی زانیاری و بوون بە سەرچاوەی بێ فلتەر: بەربەست بوون و گەیشتنی زانیاریی بە دەست وەرگر و تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەر شوێنێک بێت، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانیان و بەدەستهێنانی زانیاری و بۆ کاتبەسەربردن، سوود لە میدیا وەردەگرن، پێشتر لە میدیای کۆندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، وەرگر تەنیا سوودی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەی وەردەگرت، کە پەیامەکانیان بە چەند سانسۆر و دەرگەوانێکدا دەرۆیشتن، سەرجەم پەیامەکانی میدیای کۆن وایە کە بە فلتەردا تێدەپەڕێت، پاشان بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام میدیای نوێ پەیامی بەکارهێنەرانیەتی کە لە هەمانکاتدا وەرگر و نێردەریشەوە، پەیامەکانی بە بێ هیچ سانسۆرێک بڵاو دەبنەوە.

2- میدیای نوێ لە گەیاندنی پەیامدا دەرگایەکی نوێی کردەوە، کە هەموو کەس دەتوانێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بێ فلتەر پەیامەکانی ئاراستەی وەرگر بکات، ئەمەش لایەنی نەرێنی و ئەرێنی خۆی هەیە، لایەنە ئەرێنییەکە ئەوەیە سەرچاوەیەکی زۆر لەبەر دەستی وەرگردا دەبێت و

خێرا پێی دەگات، لایەنی نەرێنییەکەشی دروستکردنی چەندین کێشەی یاسایی و بەرکەوتەی ژیانی تایبەتی کەسەکانە وەک ناوزڕاندن ...تاد.

3- پەیام: میدیای نوێ لە بەرهەمهێنانی پەیام و گەیاندنی ڕێچکەیەکی داهێنا، بۆ نموونە: لە کوندا دەزگایەکی میدیایی پەیامی ئامادە دەکرد، بەڵام ئێستا تاکە کەسێک دەتوانێت پەیامێکی میدیایی ئامادە بکات و بە خێراترین کات بڵاو ببێتەوەو ببینرێت، ئەمەش گەشەکردنی توانای پیشەیی و لێهاتوویی تاکەکانی دەرخست، هەروەها پەیامەکان دەتوانرێت هەلبگیرێن و دووبارە دابرێژرێنەوە، هاوکات دورکەوتنەوە لەو رۆتین وبژاردانەی کە پێشتر هەبوون، ئێستا بە تێچوویەکی کەم زۆرترین زانیاری بەدەست دێتن.

4- وەرگر: لەو سۆسیاڵ میدیا و میدیا نوێدا، وەرگر رۆڵ و ئەرکی گۆڕدراوە و وەک جاران تەنیا وەرگر نییە، بەڵکو و بەرهەمهێنیشە و وەرگرتنی پەیامەکان تایبەت نین بە کاتێکی دیاریکراو، لە رێی میدیای نوێوە وەرگر لە هەر کاتێک کە بیەوێت، دەتوانێت پەیامە میدیاییەکان دووبارە بکاتەوە و تەماشای بکاتەوە، لەبەر ئەوەی سەرجەم پەیامەکان پارێزراون، ئەم تایبەمتەندییەش لە میدیای کۆندا نەبووە.

**ئەرکی میدیای نوێ:**

1- خودی ناوی بەکارهێنانی ئەم جۆرە لە تۆڕ، یان میدیا، بۆ سۆشیال بوون یان کۆمەڵایەتی بوونە، کە تاک دەیەوێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فراوان بکات و لینک و تۆڕی پەیوەندیەکانی زیاتر دەکات. بەوەش کە جاران ژمارەیەکی دیاریکراوی هاوڕێی هەبووە، لە ئێستادا ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاوڕێ پەیدا دەکات. واتە لە فەزایەکی فراوانتری کۆمەڵایەتیدا دەسووڕێتەوە و کۆمینیکەیشن دەکات. هەروەها کاتێک تاک بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر ئامێری مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانیان دەمێننەوە، هەر لە رێگەی ئەو ئامرازانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرفراوان دەبێت و دەکرێت بڵێین جەماوەرێکی وەهمی بۆ خۆی دروست دەکات کە لە رووی فیزیاییەوە کەسیانی نەبینیوە لە هەمانکاتدا جەماوەرێکی باشن.

2- ئاسانکاری لە پەیوەندیکردنی خێرای لە گەیاندندا، لەم ئەرکەدا رەنگە تێکڕای ئامرازەکانی تری میدیای تێپەڕاندبێت و توانیویەتی لەگەڵ خواست و پێداویستیی سەردەم خۆی بگونجێنێت، کە دەبینین تاک ئەمڕۆ بە هۆی بەکارهێنانی ئامێری مۆبایلەکەی دەیەوێت خێرا بگاتە زانیاری و رووداوەکان کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای نوێ توانیویەتی ئەم خواستەی بۆ جێبەجێ بکات.

3- کۆکردنەوەی وەرگر و نێردەر لە یەک پلاتفۆرم و یەک شوێندا، ئەگەرچی لە یەک کاتدا مرۆڤ دەتوانێت نێردەر بێت و دەشتوانێت وەرگر بێت، واتە نێردەر و وەرگری لە یەک شوێندا کۆکردووەتەوە.

4- گەورەترین و بەناوبانگترین پێگەی ئۆن لاین لە ریکلام و مارکێتیندا ئێست فەیسبوکە کە یەکێکە لە ئامرازەکانی میدیای نوێ، واتە توانیویەتی سەرچاوەیەکی داهاتی باش بێت بۆ ریکلام و خزمەت بە بەکاربەران. هەر بۆیە هەردوو کاری بازاڕگەری و ریکلامکردن پانتاییەکی بەرفراوانیان بۆ بڵاوبوونەوە هەیە، لە بەر ئەوەی لە میدیای نوێدا ئامرازی جۆراوجۆر هەیە و لە هەمانکاتدا بەکارهێنەرێکی زۆر بەرفراوانی هەیە لە تەواوی جیهاندا، هەر بۆیە کاری ریکلامکاری و بازاڕگەری ئاسانتر و خێراتر کاریگەری دروست دەکات.

5- هەگبەیەکی پڕو دەوڵەمەند لە زانیاری، واتە لە پاڵ ئەرکەکانی تریشیدا توانیویەتی زانیاری جۆراوجۆر بۆ وەرگرەکانی دابین بکات کە لە میدیای کۆندا نەبووە، لە بەر ئەوەی لە میدیای نوێدا، فرەخاڵی لە دانانی زانیاری هەیە و هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە زانیاری داخڵ دەکات و هەموو کەسێک زانیاری بڵاودەکاتەوە، بەمەش زۆرترین زانیاری دەگاتە لای وەرگر.

6- بوتە ناوەندێک بۆ فێرکردن و ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان سوود لە جۆرەکانی وەک کۆبوونەوەی ئۆن لاین و کردنەوەی گرووپ و ژووری ئۆن لاین وەردەگرن و، مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران و هاوپیشەکانیان زانیاری دەگۆڕنەوە.

7- بووەتە ناوەندێک بۆ نمایشکردن و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی پێشبڕکێ و یارییە ئەلیکترۆنییەکان کە هەبوونی ئەو بەرنامە ژمارەییانە وا دەکات، توانای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی تاکی هەبێ لە هەر پلە و ئاستێکدا بن.

**زیانەکانی (مساوئ)ی میدیای نوێ:**

زیانەکانی میدیای نوێ نەبوونی متمانە لەو بابەت و هەواڵانەی کە بڵاو دەکرێتەوە. گرنگترین ئەو بەرەنگارییە کە رووبەڕووی میدیای نوێ دەبێتەوە، بریتییە لە کوالێتی و تەکنۆلۆژیایە کە بەهۆیانەوە ئەم ناوەڕۆکە نمایش دەکرێت. هەرچی پەیوەستە بە شێوەکانی مەترسی و ئاسایشی لە میدیای نوێدا: ئەو مەترسیانەیە کە پەیوەستن بە هزری ئیرهاب و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری توندوتیژی، و بڵاوکردنەوەی ئاژاوەو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری روخاندنی سیستەمەکان، و هەروەها مەترسی پەیوەست بە ململانێیەکانی رەگەزپەرستی و نەژادی، و تاوانە ژمارەییەکان.

**نێگەتیڤەکانی میدیای نوێ:**

1 -خۆگۆڕینی کەسایەتی.

2 -زەمکردن و سوکایەتی (التحقیر) و ریسواکردن لەڕێگەی تۆڕەکەوە.

3 -فرت و فێڵ و گۆڕینی زانیارییەکان.

4 -دەستدرێژی بۆ داتای کەسێتی ئەلیکترۆنی.

5- یەخەگرتن و بێزارکردن لەڕێگەی پرۆگرامە چالاکییە دەستدرێژییەکانی کەسێتی کە پەیوەستە بەتاوانی پێشێلکردن.
6 -بەیەکێ لەئامرازەکانی سپیکردنەوەی پارە دادەنرێت.
7 -ڕێگە بە پێکهێنانی پلاتفۆرمی پێگەی ئەلیکترۆنییە پۆرنۆگرافییەکان دەدات.
8 -ئاسان شاردنەوەی جێ پێی تاوانی ئەلیکترۆنی و سەخت بەدواکەوتنی ئەوەی کردوویەتی.
9- سەختی متمانەکردن و پشتڕاستکردنەوەی ڕاستی و بڕواپێکراوی ئەو داتا و زانیاریانەی لە هەندێک ماڵپەڕدا هەیە.

**پۆزەتیڤیەکانی میدیای نوێ:**

میدیای نوێ زۆرێک لە لایەنی باش و پوزەتیفی هەیەکە ڕەنگە ئامرازەکانی میدیای کۆن (کلاسیک) نەتوانێت ئەوە پێشکەش بکات بەهۆی دیاریکراوی ئامرازی کارلێکیدا:

1 -تێچووی ماددی زۆری ناوێت یان پیچداویستییەکانی(کۆمپیوتەر و هێڵێکی ئینتەرنێت).
2 -دەرفەتێکی دایە خەڵک بۆ گوزارشتکردن لەسەر خۆیان و ڕاپۆرتێک لەسەر جیهان پێشکەش بکەن کە ئەمە جێگەی بڕوا نەبوو هەتا بەم دواییانە.
3 -بڵاوبوونەوەی ڕاستی و ڕاوبۆچوونی کەسێتی جیاواز کە پێشتر ئەمە قەدەغەبوو.
4- خەڵک بەمتمانەوە تەکنۆلۆژیا بەکار دەهێنن.
5 -هاوکاری ئەو تاکانەی کە متمانەیان لە بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاستەوخۆ لاوازبوو، چاوپێکەوتن و هاوڕێ ناسین و پەیوەندیکردن لەدوورەوەیە.
6- پتەوکردنی هاوکاری لەنێوان گروپەکان و ئەو کەسانەی کە پرسێکی هاوبەشیان هەیە.
7 -توانای زاڵبوون بەسەر (ستەمکاری مەوداکان) لەبواری پەیوەندییەکان، بۆ نموونە دوورە وڵاتێک لە کەسوکاری.
8- پارمەتیدەری ڕۆژنامەنووسانە، بۆ زانینی ئاراستەی ڕای گشتی.
9 -یارمەتیدەری هێزو بزوتنەوە ئازادیخوازەکانە لەپەیوەندیکردن و بەکارهێنانی وەکو سەکۆیەکی هەواڵی لەوڵاتە دەسەڵاتدارەکاندا.
10 -کەرەستەی میدیای کۆمەڵایەتی بەگشتی هەمەجۆرو ئاسانە.
11 -هەر تاکێک دەتوانێ ئاوەڕۆکی تایبەت دروست بکات و بەئاسانی بەشداری بکات لەگەڵ ئەوانەی دیکەدا.
12- بە ئەرکی میدیایی هەڵدەستێت وەکو (هەواڵ، بازاڕکردن، کات بەسەربردن).

**جیاوازی نێوانی میدیای کۆن (کلاسیک) و نوێ:**

جیاوازیی نێوان هەردوو جۆر هەیە بەم شیوەیە:

1 -میدیای نوێ، میدیایەکی ئازادەو دوورە لەهەموو کۆت و چاودێرییەک و بەپێچەوانەی میدیای کۆن (کلاسیک)، لەتوانای هەموانە بیرۆکەکانیان بڵاوبکەنەوەو گوزارشت لە راوبۆچوونەکانیان بکەن.

2- میدیای کۆن (کلاسیک) لەئێستادا بەپلەیەکی بەرز پشت بە میدیای نوێ دەبەستێت، لەبەر سەختی گەیشتنی بە شوێنی رووداوەکە، و خاڵە دڵەڕاوکێیەکانی سەرانسەری جیهان بۆ کەسانی رۆژنامەنووس بێ گرفتە، نموونەش: شۆڕەشەکانی بەهاری عەرەبی.

3 -جۆرێکی نوێ لە میدیاکاران سەریهەڵدا کە دەکرێ پێیان بگوترێ "میدیاکارانی نوێ" کە بەکارهێنەرانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتین کە سەلماندیان شایستەی ئەم پلەیەن، کە لەگەڵ بوونی کەموکورتیش توانیان روماڵی هەموو رووداوەکانی سەرانسەری جیهان و خاڵە پڕ کێشە لەسەرەکان بن، و دەکرێ لەئایندەیەکی نزیک بەرەو باشتریش بڕوات.

4- میدیای نوێ چالاکییەکی ئابووری بێ وێنەی بەخۆیەوە بینیوە، و بازدانێک و هەنگاوێکی جۆری(نوعی) لەگەڵ زیادبوونی داواکاری و پێویستی بە بابەتە هەواڵییەکانی.

5 -بەهۆی خێرا بڵاوبوونەوەی هەواڵ (سبق اخباری)، بازاڕی میدیای ئەمڕۆ کێبڕکێیەکی گەرموگوڕی نێوان میدیای نوێ و میدیا کۆن (کلاسیک) بەخۆیەوە دەبینێت، و ئامارەکان باڵا دەستی میدیای نوێی دووپات کردۆتەوە.

6- میدیای کۆن (کلاسیک) زەمینەیەکی لەباری بۆ میدیای نوێ رەخساندووە لەڕێگەی بازاڕکردنەوە، بەبێ بوونی هاندانی میدیای کۆن (کلاسیک) بۆ میدیای نوێ نەیدەتوانی میدیای نوێ بەو شێوەیە بەدەرکەوێت.

7-بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت و تەماشاکارانی رۆژانە، بەشداربوون لەفەراهەم بوونی زەمینەیەکی لەبار و پتەو و توندوتۆڵیان بۆ میدیای نوێ رەخساند.

8- لەڕووی باشترکردنی ناوەرۆک و گەڕان بەدوای رێگەیەکی باشتر بۆ بەبازاڕکردندا، میدیای نوێ پێویستی بە بەرەوپێشچوون و نوێکردنەوە هەیە، و مانەوەی تەواوکاری لەنێوان هەردوو جۆرداو هەڵبژاردنی نموونەیی بۆ سەرکەوتن لەجیهانێکدایە کە دابەشی گریمانەو واقیعی دەبێت.

## تۆڕی ڤایبەر

ڤایبەر میدیا کۆمپانیایەکی قوبرسییە و ناوەندێکی گەشەپێدانە لە بێلاڕووس و ئیسرائیل. (تالمون مارکو) خاوەنی ئەم کۆمپانیایە یە، لە بەرواری 14ی فبرایری ( 2014) ە " تالمون مارکو" ڤایبەری لە کۆمپانیای"راکوتن "ی یابانی کڕییەوە بەرامبەر بە (900 ) ملێۆن دولار.

لە ئێستادا ڤایبەر بووەتە تۆرێکی کۆمەڵایەتی ناسراوی جیهانی کە لەسەر کۆمپیوتەر و مۆبایلە هۆشمەندەکان کار دەکەن بۆ جۆرەکانی " ئەندرۆید، ios، بلاک بیری ، ویندۆز فۆن، سیمبیان سیریس 40 ، ماک و نۆکیا ".

ئەم تۆرە کۆمەڵایەتییە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی ئەدات چات بکەن و نامەی دەنگی و پەیوەندی کامێرا و پەیوەندی دەنگی ئەنجام بدەن لەگەڵ هەر کەسێک کە کە ئەکاونتی هەبێ لەم تۆرەکۆمەڵایەتیە، ڤایبەر سەرەتە تەنیا پەیوەندی دەنگی هەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی پێ دراو تا گەیشتە ئەم ئاستە.

تۆری کۆمەلایەتی ڤایبەر لە لایەن کۆمپانیای (ڤایبەر میدیا )ەوە گەشەی پێ دەدرێت، سەرەتا کە ڤایبەر دروست کرا لەسەر مۆبایلی ئایفۆن بوو لە بەرواری ٢ی دیسەمبەری (2010) ە بوو تەنیا بۆ ئەوەی ڕکابەری (سکایب) بکات، بۆ ئاندرۆید بەرواری ٢یۆلێوی (2011)ە بەردەست بوو.

ڤایبەر بۆ (بلاکبێری و ویندوس فۆن) لە بەرواری ٨ ی مایۆی (2012) بەردەست بوو، لە 11ی سیبتەمبەری (2012) دا (100) ملێون بەکارهێنەری تێپەراند بۆ ئەو دوو سیستەمە، هەر لەو ڕۆژەش دا ئەم بەرنامەیە بۆ نۆکیا کە بە سیستەمی سیمبیان وسامسۆنگی کە بە سیستەمی Bada کاریان دەکرد بەردەست کرا، هەروەها لە ٧یمایۆی(2013) ڤایبەر بۆهەردوو کۆمپیوتەری ویندوس و ماک بەردەست کرا. لە ماوەی چەندساڵی ڕابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵی2022 بە گشتی زیاتر لە یەک ملیار کەس هەن کە بە بەردەوامی ڤایبەر بەکاردەهێنن و تۆرەکە فراوانتر بووە بۆ زیاتر لە ١٩٠ وڵات.

**پێناسەی ڤایبەر**

ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات وێنە بنێرن و وەربگرن، هەروەها پەیوەندی گروپ و نامەی کورت، هەروەها پەیوەندی بەو مۆبایلانەی کە بە ڤایبەرەوە نەبەستراوەتەوە بە نرخێکی کەم. سەرەتا وەک ئەپێک بۆ مۆبایلە زیرەکەکان دەستی پێکرد، بەڵام دواتر وەشانی بۆ کۆمپیوتەرەکانی سەر مێز پەرەپێدرا، وەک ڤایبەر بۆ ویندۆز.

**گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڤایبەر:**

1- بەرنامەکە ڕێگە بە هاوکاتکردن دەدات لەگەڵ ئامێرەکانی تر کە تاکەکەس بەکاری دەهێنێت.

2- دەتوانرێت هاوپێچەکان لە کاتی گفتوگۆدا بە ئاسانی بەکاربهێنرێت و بنێردرێت.
4- بەرنامەکە ڕێگەت پێدەدات ڕاستەوخۆ نامەی دەنگی بنێری.
5- ڤایبەر توانای یاریکردنی هەندێک لەو یاریانە دەدات کە لەگەڵ ئەپلیکەیشنەکەدا دێن.
5- دەنگی پەیوەندی ڤایبەر ڕوون و ڕوونە، هەروەها دەتوانرێت پەیوەندییەکی ڤیدیۆیی ئەنجام بدرێت.
6- ڤایبەر توانای بەدواداچوونی بڵاوکراوەی هەواڵ و هەواڵەکانی لەڕێگەیەوە دابین دەکات.
7-توانای ئەنجامدانی پەیوەندی نێودەوڵەتی دەڕەخسێنێت، هەروەها دەتوانرێت نامەی خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەران بنێردرێت.
8- چات و گفتوگۆکان بە ئاسانی دەتوانرێت پەیڕەو بکرێت.

**لایەنە خراپەکانی بەکارهێنانی ڤایبەر:**

- لەڕیگەی بەکارهێنانی ڤایبەرەوە، دەتوانرێ بگەنە هەموو فایل و دیکۆمێنتی ناو مۆبایلەکەت، و لەنێویاندا نامەکانی هاتوو و ناردراوی ناو مۆبایلەکەت، و هەروەها هەموو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی هاتوو و ناردراو.
- لەڕیگەی بەکارهێنانی ڤایبەرەوە، دەتوانرێ شوێنی جوگرافیت ئاشکرا بکرێ بۆ بەرامبەرەکەت کە لەهەر کوێیەکدای.
- لەڕیگەی بەکارهێنانی ڤایبەرەوە، دەتوانرێ بگەنە هەموو وێنەو ڤیدیۆکانی ناو مۆبایلەکەت، و تەنانەت ئەژماری کەسێتی، و هەروەها بگەنە هەموو پرۆگرامەکانی ناو مۆبایلەکەت.

## ڕادیۆی ئینتەرنێتی

**مەبەست ڕادیۆی ئینتەرنێتی چییە؟**

ڕادیۆی ئینتەرنێتی کە هاوکات بە ڕادیۆی وێبی ناسراوە، ڕادیۆی Streaming و ڕادیۆی ئەلیکترۆنی webcasting کە بریتیە لە خزمەتگوزارییەکی دەنگیکە زانیارییەکانی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە بڵاو دەکاتەوە

شێوەی کاری ڕادیۆی ئینتەرنێتی لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی podcasting جیاوازی هەیە کە دەتوانرێ فایلەکان داونلۆد بکرێ.

لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە رادیۆ ئینتەرنێتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ رادیۆی کلاسیک بەرنامەکانی پەخش دەکات، خزمەتگوزارییەکانی رادیۆیی کە تەنها بەشێوەی ئینتەرنێتی پەخشی خۆی بڵاو دەکاتەوە هەڵبەت بە ئازادانە و جیاواز لەگەڵ شێوەی کاری رادیۆیەکانی تر وەشان دەکەن.

خزمەتگوزارییەکانی رادیۆی ئینتەرنێتی بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەموو جیهان بڵاو دەبێتەوە، بۆ نموونە کەسێکی دانیشتووی ئەوروپا دەتوانێ لە رێگای کۆمپیۆتەرەکەیەوە گوێ لە پەخشی رادیۆیەکی ئوسترالیا بگرێت. بەڵام هەندێک رادیۆ هەن کە ئەو مافە بە کەسێکی دانیشتووی دەرەوەی وڵاتەکەی نادات گوێ لە رادیۆیەکەی بگرێ، ئەوەش بۆ پاراستنی مافی کۆپی رایت و رێکلام نموونەش وەک رادیۆ بەناوبانگەکانی CBS Radio و Citadel Broadcasting

رادیۆی ئینتەرنێتیەکان لە نێوان گوێگرانی جیهان پشتەڤانیەکی زۆری بەدەست هێناوە بە تایبەت ئەو رادیۆیانەی کە پەخشەکانیان تایبەتە بە میوزیک و گۆرانی، ئەوەیش لەبەر ئەوەی کە ئەو بەرنامە و هەواڵ و زانیاری یان میوزیکانەی کە رادیۆی ئینتەرنێتیەکان بڵاوی دەکەنەوە دەزگا یان رادیۆ ناوخۆییەکانی دیکە بڵاوی ناکەنەوە.

### تەکنەلۆژیای بەکارهێنراو لە رادیۆیەکان ئینتەرنێتی

**- Streaming**

بە کارهێنان و سوود وەرگرتن لە پرۆگرامە تایبەتەکان بۆ شێوازی پەخش کردن کە بەگشتی ئەو فۆرمانەی لە Streaming وەکو فایلی دەنگی سودیان لێوەردەگیرێ پێکهاتوون لە

HE-ACC. ، RealAudio، Windows Media Audio، Ogg Vorbis، MP3

ئەم خزمەتگوزارییە پێویستی بە ئینتەرنێتێکی خێرا هەیە، کە رەنگە ئەم مەرجەش هێشتا لە زۆرێک لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەست نییە.

**SHOUT cast-**

SHOUT cast یەکێکە لەو ئامرازانەی کە پرۆگرامی کۆن و نوێی فایلەکانی Streaming بەڕێوەدەبات، هەر لەم رێگایەش دەتوانین ئێسگەکە لەسەر دروست بکرێ.

**Helix Server Basic -**

بەرنامەی Streaming ئەو توانای هەیە کە لە یەک کاتدا زانیاریی دەنگی و ڤیدیۆیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە خواستی بەکارهێنەر (On-demand)بەکاربهێنرێت و بە بەرنامەی Helix بەشێوەی پرۆگرام دەتنوارێ داونلۆد بکرێ.

## -QuickTime Streaming Server

کۆمپانیای ئەپڵ دەڵێت: هەر کات بتانەوێ بە دوای توانایی Streaming لە پەخشی ویبی خۆتان بن، یان خزمەتگوزاری پەخشی ڕاستەوخۆ بن ئەوا نیگەران مەبن، چونکە ئێمە بەرنامەی MAC OSXمان لە نێو هەموو مۆمبایلەکان جێگیرکردووە.

QuickTime Streamingئەو چانسەتان پێ دەدات کە بتوانن بەرنامە تۆمارکراوە ناراستەوخۆکان و بەرنامە ڕاستەوخۆکان لە ڕێگای (Real time) بە شێوەی فایلی دەنگی لە ئینتەرنێت بە دەست بهێنن.

## -QuickTime Broadcaster

کۆمپانیای ئەپل ئەوە دەخاتەڕوو کە پێکهاتەی بەرنامەی QuickTime ئەو توانایەی هەیە کە لە ڕێگای Apple بەرنامەی QuickTime Broadcaster بۆ تەواوی بەکارهێنەرانی دابین کردووە، کە دەتوانرێ بەرنامەکان بخرێنە ناو ئینتەرنێتەوە، یان لە ئینتەرنێتەوە وەربگری، واتا گوێبیستی فایلە دەنگی و ڕەنگییەکان ببی.

### سوودەکانی ڕادیۆی ئینتەرنێت:

1-هیچ بەربەستێکی جوگرافی نایەتە پێشی ئەم جۆرە ڕادیۆیە، دەتوانیت لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان گوێ لە ڕادیۆی کوالالمبور بگریت.

2- ڕادیۆی ئینتەرنێت جێگرەوەیەکی زۆر باشی ڕادیۆی کلاسیکییە بەتایبەتی بۆ ئەو کۆچەرو پەناهەندانەی کە ئارەزووی بیستی هەواڵی وڵاتەکەیان دەکەن لەغوربەتدا، دەتوانن لەڕێگەی ڕادیۆی ئینتەرنێتەوە گوێبیستی ببن.

3 - ڕادیۆی ئینتەرنێت بەتەنها دەنگ پەخش ناکات، بەڵکو دەتوانێت هاوشان لەگەڵ پەخشکردنی دەنگی ئێزگەیی، وێنەو ڕەسم و تێکست و لینکیش لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەخش بکات.

4–رادیۆی ئینتەرنێت کارلێکیش لەخۆدەگرێت، وەکو هۆڵێکی گفتوگۆکردن و بوونی تابلۆی پەیامەکان، ئەم بەرەوپێشچوونە زیاتر دەرفەت بۆ گوێگر دەرەخسێنێت، نەک تەنها وەگو گوێگر بمێنێتەوە.

5–گوێگر دەتوانێ نەک هەر سوود لەبیستی ریکلامیش وەرگرێت، بەڵکو دەتوانێ بەهۆی لینکی کۆمپانیای ئەو کالاّیەی ریکلامی بۆ دەکرێت لەئێزگەکە، کالاّکە بکڕێت..

6 –لە رادیۆی ئینتەرنێدا، دەکرێ فێربوون و مەشقکردن ئەنجام بدرێت، و پێشکەشکردنی لینکی فایل و هەڵبژاردەی دانەوە و پڕکردنەوە جێبەجێ بکرێت، و کارلێکیش دروست بکرێت لەگەل راهێنەر یاخود مامۆستاکە، و چەندەها زانیاری دیکە لەپێگەی رادیۆی ئینتەرنێت دەست دەکەوێت.

7–پرۆگرامەکانی رادیۆی ئینتەرنێت ژمارەیەکی هەمەچەشنەی پەخشت بەردەست و فەراهەم دەکات بەتایبەتی لەبواری موسیقا.

8 – تێچووی پەخشکردنی رادیۆی ئینتەرنێت زۆر کەمترە لەرادیۆی شەپۆلەکانەوە کە گوێبیستی دەبین.

## چەمکی فەیسبووک (FACE BOOK)

ئەم چەمکە وشەیەکی لێکدراوە، کە لە (face) بە واتایی ڕوخسا، (book)بە مانایی پەرتووک دێت، هەمووشی بەسەریەکەوە بەمانای پەرتوکی ڕوخسار خۆی دەنوێنێ.

فەیسبووک لە کۆمەڵێک کە لە چەند ئەندامێک پێک دێن و لەسەر بنەمای هەرێمایەتی یان شوێنی کارکردن پۆلێن دەکرێن. بەشداربوویی نوێ بۆی هەیە هەر کامێک لەو پۆلێنانە یان لەو کۆمەڵەیە هەڵبژێرێت، پاشان دەست دەکات بە کردنەوەی لاپەرەیەک و هەڵبژاردنی ئەو بابەتەی کە بۆی دەگونجێت، بۆ ئەم مەبەستەش، یان پۆستی ئەلیکترۆنی یان ناوی یەکێک لە هەڤاڵەکانی لەو شوێنەی کە بۆ لێگەڕان تەرخانکراوە دەنووسێت. ئەگەر بەشداربوو لەسەر فەیسبووک بێت ئەوا دەتوانی بیبینی و لەگەڵی بەردەوام بێ. فەیسبووک یەکێکە لە بەناوبانگترین و بەربڵاوترین وێبسایتی کۆمەڵایەتی لەناو تۆڕی ئینتەرنێتدا و، یەکێکە لە دروشم و دیارترین دەرەنجامی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردنی هاوچەرخ. مێژووی دامەزراندنی ئەو وێبسایتە بۆ مانگی فێبرایەری ساڵی 2004 دەگەڕێتەوە.

لاپەڕەی فەیسبووک لاپەڕەیەکی جیاوازە و دەکرێ گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێت، تێیدا ڕێگا بۆ بەکارهێنەر خۆشدەکات لەگەڵ بەکارهێنەرەکانی تر چالاکیەکان بە ڕێگایەکی نوێ ئەنجام بدرێن، لە ڕێگای لاپەڕەی فەیسبووک دەتوانرێت کاری بازرگانی لە نێوان بازرگان و بەکارهێنەرانی

فەیسبووک بە نیشانەی بازرگانییەوە ئەنجام بدرێت. بەکارهێنەر لە فەیسبووک دا دەتوانێ هەواڵ و جموجوڵەکان لە ڕێگای کەناڵی تەکنەلۆژیاوە بگوازێتەوە بەم هۆیەشەوە دەتوانیت فەیسبووکەکەت تایبەتمەند بکەیت بە بابەتی تایبەت بەخۆت و نیشانەو لۆگۆی پێشتر دابەزێندراو وەک فلاش پلەیەر و وێنە دانان و چەندین هەڵسەنگاندنی دیکە.
کەواتە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین و بلێین: فەیسبووک وێبسایتێکی تۆڕی کۆمەڵایەتیە، لە 4ی فبرایەری 2004 دەستی بە کارەکانی کردووە. بەشداری کردن لەو وێبسایتدا بێ بەرامبەر و بەخۆڕاییە و موڵکی سەرەکی کۆمپانیای فەیسبووکە و لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە بەڕێوەدەبرێت، و دەکرێت بەکارهێنەران لەڕێگەی شارەکەیان یان شوێنی کاری خۆیان یان قوتابخانە و هەر شوێنێکی دیکەوە پەیوەندی پێوە بکەن و کارلێک (پەیوەندی) لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بکەن. هەروەها هەر کەسێک دەتوانێت برادەر پەیدا بکات و نامە و پەیامی خۆیان بۆ بنێرن و قسەی تایبەت (چات) لەگەڵیدا بکەن و برادەران لە ڕووداوەکان ئاگادار بکەنەوە.

**سەرهەڵدان و گەشەسەندنی فەیسبووک**

فەیسبووک یەکێکە لە ئامرازە نوێیەکانی پەیوەندی جەماوەری، "وەک گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لە ئینتەرنێت ناوی دەبرێت"، کە لە سەر دەستی " مارک زوکەر بیرگە "Mark Zucherberg-لە زانکۆی هارفارد قوتابی بوو. ئەو کات مافی بە ئەندامبوون لەو وێبسایت ئەلەکترۆنیەدا تەنها بۆ قوتابیانی زانکۆی هارفاردبوو، دواتر ئەندامێتی لەو وێبسایتدا فراوانتر بوو و قوتابیانی زانکۆی بەبلابیش ئەو مافەیان بەدەستهێنا، تا ئەو کاتەی وای لێهات هەر قوتابیەکی هەر زانکۆیەک توانی لەو وێبسایت کۆمەڵایەتیەدا ببێتە ئەندام و، دواتریش قوتابیانی ئامادەییشی لەخۆگرت. دواجاریش دەرگای بە ئەندامبوون لەو وێبسایتدا بەڕووی هەر کەسێکدا کرایەوە کە تەمەنەکەی لە سەرووی سێزدەساڵیدا بوو.
ئەم تۆڕانە بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری و بەردەوامبوونی شەپۆلەکانی لە نێوان ساڵانی 2004-2005دا بەرفراوانییەکی گەورەی بە خۆیەوە بینی. لە ساڵی 2003 و ئەم تۆڕە وێنەی چەند قوتابییەکی بڵاویکردەو دوای بەوە تومەتبارکرا کە تایبەتمەندی خۆی بەزاندووە، مەبەست لە خودی تۆڕەکە، بەڵام لە ساڵی 2005 دوای تەنها دوو هەفتە مارک هەڵسا بەکردنەوەی پێگەکە، بەرامبەر هەموو کەسێک کە تەمەنیان لە 23 سال زیاترە لە زانکۆی هارفارد. ئێستاش ژمارەی بەشداربووان و ئەندامان لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا گەیشتووتە ملیۆنان ئەندام لەسەر ئاستی جیهان.

## میکانیزمی کارلێککردن لەنێوان بەشداربووەکانی فەیسبووک

### أ- رووکار و ئامرازەکانی

وێبسایتەکە لەکۆمەڵێک تۆڕ پێکهاتووە کە بریتین لەئەندامان. هەر کۆمەڵەو بەپێی هەرێم یان شوێنی کارکردن یان زانکۆ و قوتابخانە یان بایەخدان پۆلێن دەکرێ. بەشداربووی نوێ دەتوانێ یەکێک لەو پۆلێنانە هەڵبژێرێ پاشان لاپەڕە هەڵدەداتەوە و ئەو کۆمەڵەیە دەستنیشان دەکا کە بەشداری تێدا دەکا.

لەناو کۆمەڵەکاندا رووبەرێک هەیە بۆ گفتوگۆکردن و کۆمێنت دابەزاندن. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەنجامی مانگێک هەیە کە تێیدا گرنگترین ئەو هەواڵانە تۆمار دەکرێن کە ئەندامانی کۆمەڵەکە دایدەبەزێنن. هەر لە رووداوەکانی نەتەوەیی و ناوچەییەوە بگرە تا دەگاتە جەژنی لەدایکبوونی ئەندامان. هەروەها رووبەرێکیش بۆ رێکلامەکانی کڕین و فرۆشتنی تایبەت بەئەندامان هەیە. هەر ئەندامێک رووبەرێکی خۆی هەیە بۆ دانانی وێنەی خۆی لەگەڵ هەبوونی بلۆگ کە بەوێبسایتەکەوە بەستراونەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی وێبسایتەکە ئامانجی رەخساندنی بواری یەکترناسینە لەناو بەکارهێنەرانی.

### ب- ئەپڵیکەیشنەکان (APPLICATIONS)

مەبەست ئەپڵیکەیشنەکانی فەیسبووک ئەو بەرنامانەی ناو وێبسایتەکەیە کە وەک یاری و ڕاپرسیی یان پێشبڕکێن و وەها دروستکراون بەئاسانی بەکاردەبرێن. زۆر یاریی جیاوازیش هەیە کە سەر بە گەورەکۆمپانیای ناسراون. ئێستا ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەپڵیکەیشن هەن کە هەندێکیان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دروست کراون، وەکو پێشتر گوتمان، و هەندێکی دیکەیان لەلایەن بەکارهێنەری ئاساییەوە دروست کراون. لەکاتی بەکارهێنانی زۆربەی ئەپڵیکەیشنەکاندا ئاگادار دەکرێیتەوە کە ئەو ئەپڵیکەیشنە پێویست بەوە دەکا بچێتە ناو زانیارییە کەسیەکانی خۆتەوە و بەبێ ئەو هەنگاوە ناکرێ یارییەکە ئەنجام بدەی.

### ج- گرۆپەکان (GROUPS):

هەر بەشداربووێکی فەیسبووک دەتوانێ گرووپێک دروست بکا لە رێی هەڵبژاردنی ناوێک بۆ گروپەکە و نووسینی پێناسەیەک بۆ بیرۆکەی گروپەکە لەگەڵ ئیمێلی بەڕێوەبەر) ئەدمین(Admin-ی گرووپەکە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا گرووپەکان دروست دەکرێن بۆ ئەوانەی کە هەمان بایەخدانیان هەیە یان بۆ ئەندامانی مەکۆیەکی دیاریکراو یان بۆ ئەوانەی بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتیی هاوبەشییان هەیە ئەوجا چ ئاینی بێ یان سیاسی یان ئابووری...هتد.

"واڵ-Wall"ی کۆمەڵەکان هەمان ڕەگەز و ئامرازی "واڵ"ی ئەکاونتە تایبەتەکانیان هەیە. ئەو لاپەڕەیەی کە رێی نووسین دەداتە هەموو ئەندامانی گرووپەکە لەگەڵ ئەلبوومی وێنە و رووبەرێک بۆ گفتوگۆ discussion و فایلی ڤیدیۆ. ئەوانە هەموو لە رێگای ئەو دەسەڵاتانەوە دەبێ کە سەرپەرشتیاری گرووپەکە دەیبەخشێت بە ئەندامانی گروپەکە.

**د- لاپەڕەکان (PAGES)**

لاپەڕەکان هەمان تایبەتمەندی و بەرکارهێنانەکانی گرووپیان هەیە بۆ بەکارهێنەرانیان تەنیا ئەوە نەبێ کە پەیج کاریگەریی زیاترە بەهۆی دەرکەوتنی لە لاپەڕەی سەرەکیی"Home" بەشداربووەکانی فەیسبووک، خزمەتگوزاری "پەیج" زیاتر بۆ ناوداران و ئەستێرە دیارەکانی کۆمەڵگا دانراوە بەجۆرێک کە لاپەڕەکە دەبێتە سەکۆیەک بۆ پەیوەندیکردنی هەوادارانی"Fun club" لەگەڵ ئەو کەسایەتییەدا.

**ە- لاپەڕەی سەرەکی(HOME)**

لەم لاپەڕەیەدا هەرچی کۆمێنت و وێنە و لینکی نوێی هاوڕێیان هەیە دەردەکەوێ کە خۆت زیادت کردوون و لەوانەیە کۆمێنت و وێنەی هاوڕێی هاوڕێیانیشت بۆ دەرکەون کە ئەمە تەنیا لە رێی ئەوەوە دەبێ کە بەکارهێنەرەکەی دەسەڵات بدا بۆ ئەوەی ناوەرۆکی لاپەڕەکەی هاوڕێی هاوڕێیەکانی ببینن.

**ح- یارییەکان (GAMES)**

لە فەیسبووکدا زۆر یاریی جیاواز هەیە لەوانە جەنگ و ستراتیژی و تۆپی پێ و بلیارد و یاری کێڵگە کە بەکارهێنەر دەتوانێ بەکاریان بێنێ و قۆناغەکانی یەک لەدوای یەک ببڕێ. ئەوەی لەو یارییانە سەرنجڕاکێشە و زۆر گرنگە ئەوەیە کە بەکارهێنەر دەتوانێ ژمارەیەک لەهاوڕێیانی بانگ بکا بۆ ئەوەی پێکەوە یارییەکە بکەن.

**ک- بۆنەکان (EVENTS)**

بانگهێشتکردنی هاوڕێیان یان ئەندامانی گرووپێکی دیاریکراو بۆ رووداوێک یاخود بۆنەیەکی گرنگ یان کارێکی دەستەوایی یان کۆبوونەوەیەک کە تێیدا ناونیشانی بۆنەکە و مێژووی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی روون کراوەتەوە لەگەڵ دیاریکردنی ئەندامە بانگهێشتکراوەکان. هەندێک بۆنەش کراوەن بۆ هەر ئەندامێکی فەیسبووک بیەوێ بەشداری بکا.

**میکانیزمی پەیوەندیکردنی نێوان بەشداربووەکانی تۆڕەکە**

**أ- کۆمێنت**(comment)

تایبەتمەندێتی کۆمێنت نووسین لەنێوان هاوڕێ و گرووپ و لاپەڕەی ئەوانەی لەگەڵتدان رەخساوە ئەوەش دیسان دەوەستێتە سەر ئەو دەسەڵاتەی دراوە و بەکارهێنەر دەتوانێ کۆمێنت بنووسێ لە شوێنی تایبەت بە کۆمێنت نووسیندا و پاشان پەنجە بە کلیلی "Enter"دا بنێ ئەوا کۆمێنتەکەی دادەبەزێ. لەناو هەمان رووبەردا دەتوانی وێنە و هێما و لینکی وێبسایت دابنێیت.

**ب- ئاماژە (Tags)**

تایبەتمەندی ئاماژە یان (تاگ) بۆ وێنە و ڤیدیۆ دەبێ، بەجۆرێک کە دەتوانی سەرنجی هاوڕێیانت لە ڕێی (تاگەوە) بۆ وێنەیەک یان پارچە ڤیدیۆیەک رابکێشی کە لەسەر فەیسبووک داتناوە و لە ڕێگەیەوە ئاگادارکردنەوەیەکییان بۆ دەنێری بۆ هەر نوێکردنەوەیەک لە وێنەکەدا کرابێ.

**ج- لایک(Like)**

تایبەتمەندی لایک بەهەمان میکانیزمی کۆمێنت نووسین لەنێوان هاوڕێیان و کۆمەڵ و لاپەڕەکان ڕەخساوە. بەکارهێنەر دەتوانێ لایک بۆ هەر پۆستێک یان کۆمێنتێک یان وێنەیەک یان ڤیدیۆیەکی هاوڕێیێکی بکات. ئەو تایبەتمەندییە ئەوەندە پەرەی سەندووە و بەئاسانی لەفەیسبووکدا بەکاردەهێنرێ، بۆیە لە هەموو وێبسایتەکانی دیکە وەکو هۆکارێکی پەیوەندیکردن بەکارهێنراوە و بۆتە هۆی بازاڕسازی وێبسایتەکانیش.

**د- پۆککردن POKE**

هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ کەسێکدا پەیدا بکەی کە پێشتر نەتناسیووە، لەنێوان هاوڕێیانیشدا وەکو هۆکارێکی بەئاگاهێنانەوە بەکاردەبرێ بەشێوەیەک کە بەکارهێنەر ئەو تایبەتمەندیە بۆ هاوڕێیێکی بەکاردێنێ و ئەویش بەپۆک وەڵامی دەداتەوە.

**تایبەتمەندییەکانی فیسبووک**

1- دروستکردنی ئەکاونتێکی بێبەرامبەر بەشێوەیەکی ئاسان.

2 -توانای ڕێکخستنی ڕێکخستنەکانی پاراستنی نهێنی بەجۆرێک دیاری بکات کە کێ ڕێگەی پێدراوە ئەو ناوەڕۆکە ببینێت کە بەکارهێنەر پۆستی کردووە.

3 -ئەنجامدانی چاتی کارلێککارانە لە نێوان بەکارهێنەران.

4-ئەپلۆدکردنی ئەو وێنانەی کە لەڕێگەی وێبسایتەکەوە شێر دەکرێن.

5 -زیادکردنی کۆمێنت لەسەر پۆستی بەکارهێنەرانی تر.

6-بەکارهێنانی پەیجەکانی فەیسبووک وەک ئامرازێک بۆ مارکێتینگ لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە.

7 -توانای بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ بە تایبەتمەندی پەخشی ڕاستەوخۆ.

8 -قەدەغەکردنی هەر ناوەڕۆکێکی زیانبەخش کە لە ڕێگەی وێب سایتەکەوە بڵاوبکرێتەوە، کە ئەو بەکارهێنەرەی ئەم ناوەڕۆکە بڵاودەکاتەوە ڕاپۆرت دەکرێت و لەلایەن کارگێڕی ماڵپەڕەوە قەدەغە دەکرێت.

9 -بەردەستبوونی وێبسایتەکە بە چەند زمانێک تا ٣٧ زمانی جیاواز.

10- دەستگەیشتن و ئەنجامدانی چەند یارییەکی ئەلیکترۆنی.

# تــــــــويتەر

**پێناسەی تــــــــویتەر**

تویتەر خزمەتگوزاری نووسینی بچووک و سنووردارە، بەکاربەر تیای دا دەتوانێت بە درێژایی (280) پیت نامە بڵاو بکاتەوە، لە چالاکییەکی هەواڵنێری کەسیدا بەکاربەر دەتوانێت زانیارییە بڵاوکراوەکان نوێ بکاتەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ماڵپەڕی تویتەر هەروەک دەتوانیت سوود لە لایەنە پراکتیکییە مەکتەبیەکان یان مۆبایل وەربگرێ لە نێویشیاندا نامەناردن.

**سەرهەڵدانی تویتەر**

لە ماوەی نێوان کۆتایی ساڵی (2006) خزمەتگوزارییەکی نوێی ئاڵوگۆڕکردنی میدیای کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا لە لایەن کومپانیای Odeoلە شاری سان فرانسیسکۆ لە وڵاتی ئەمریکا لە نێو پێشوازی پڕ لە جۆش و خرۆشی ڕێبەران و لایەنگرانی میدیای کۆمەڵایەتی، لەو کاتەوە گروپە چالاکەکان لە سەرانسەری جیهان دەستیان کرد بە بەکار هێنانی تویتەر (http: //Twitter.com) .

**بەکارهێنانی تویتەر:**

1- نووسینی تویت: بەکارهێنەرانی تویتەر دەتوانن تویت بنووسن و بڵاوی بکەنەوە، کە دەتوانێت تا ٢٨٠ پیت هەبێت، هەروەها دەتوانرێت تا ٤ وێنە زیاد بکرێت جگە لە ڤیدیۆ و ئەنیمەیشن، هەروەها بەکارهێنەر دەتوانێت دوای نووسینی تویتەکان بسڕێتەوە.

2-ریتویت: بەکارهێنەرانی تویتەر دەتوانن سوود لە ئایکۆنی ریتویت یان ریتویت کەڵک وەربگرن، کە تایبەتمەندییەکە بەکارهێنەران دەتوانن تویتەکانی کەسانی دیکە بڵاوبکەنەوە و سەرنجەکانیان لەسەر زیاد بکەن، هەروەها دەتوانرێت ڕیتویتەکان لەکاتی پێویستدا بسڕنەوە و هەڵبوەشێنرێنەوە.

3- فۆڵۆوی کەسەکان بکە: بەکارهێنەرانی تویتەر دەتوانن فۆڵۆوی ئەو کەسانە بکەن کە بۆیان گرنگن و فۆڵۆوی هەموو نوێکارییەکانی پەیوەست بەوانەوە بکە.ن

4- گەڕان: بەکارهێنەرانی تویتەر دەتوانن بە گەڕان بەدوای وشەی سەرەکی یان هاشتاگەکاندا بەدوای تویتەکانی هاوڕێیان، کەسایەتییە ناودارەکان یان سەرکردە سیاسییەکان بگەڕێن، هەروەها دەتوانرێت ئەنجامەکانی گەڕان کۆنترۆڵ بکرێت و فلتەر بکرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە دوور بن لە ناوەڕۆکی هەستیار.

5- پەیامی ڕاستەوخۆ: دەتوانرێت نامەیەکی تایبەت ڕاستەوخۆ بنێردرێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە تویتەر فۆڵۆو دەکەن، بەو پێیەی تەنها دەتوانرێت نامەی ڕاستەوخۆ لە فۆڵۆوەرەکان وەربگریت،

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ئەم بژاردەیە لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بگۆڕدرێت، بە تیککردنی بۆکسێکی بژاردە (Receive Direct Messages from anyone) (وەرگرتنی نامەی ڕاستەوخۆ لە هەر کەسێکەوە)، کە دەتوانرێت نامەیەک تا ١٠٠٠ پیت بۆ هەر نامەیەک بنێردرێت.

6- ریپۆرتکردنی کەسەکان: کەسێک دەتوانێت زانیاری کەسی کەسانی تر بڵاوبکاتەوە، وەک: ژمارەی تەلەفۆنی کەسی، ناونیشانی ماڵەوە، زانیاری کارتی بانکیی، بۆ لێکۆڵینەوە، ئەکاونتەکە بۆ ماوەیەکی کاتی دادەخرێت تاوەکو ئەو زانیاریانە لادەبرێن.

7- ترێند (trend): دەتوانرێت ڕەوتی تویتەر وەک بابەتێکی بەناوبانگ پێناسە بکرێت و لە گفتوگۆکاندا لە کاتێکی دیاریکراودا لە تویتەردا دەسوڕێتەوە ڕەوتێکی دیاریکراو ئەنجامی گەڕانەکانی پەیوەست بەو وشە یان دەستەواژەیە دەردەکەون، چونکە گەڕانەکە هەموو ئەو تویتانە دەگرێتەوە کە ئەو ڕەوتەیان لەخۆگرتووە ، و ڕەوتەکە چەند هۆکارێک دیاری دەکات: بەرژەوەندی بەکارهێنەر، ئەو کەسانەی کە شوێنیان دەکەوێت و شوێنی جوگرافییەکەی، بەم شێوەیە بەکارهێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی ڕەوتەکەوە بەدواداچوون بۆ هەواڵ و ڕووداوە جیهانی و ناوخۆییەکان بکات.

8- هاشتاگ: هاشتاگەکە بە بەکارهێنانی هێمای (#) دەنووسرێت، کە بەکاردێت بۆ ئیندێکسکردنی وشە سەرەکییەکان، بەمەش ئاسانتر دەردەکەوێت لە ئەنجامی گەڕانەکاندا، ڕێگە بە خەڵک دەدات شوێن ئەو بابەتانە بگرن کە بۆیان گرنگن، هەروەها کاتێک کلیک لەسەر ئەو هاشتاگە دەکەن، هەمووی ئەو تویتانەی کە ئەو هاشتاگەیان تێدایە دەردەکەون.

**گرنگترین تایبەتمەندیی تویتەر** (twitter):

1- زۆر خێرایە بۆ زیادکردنی هاوڕێیەتی، ئەوەندە بەسە کە تەنها کلیک لەسەر دوگمەی شوێنکەوتوو بکەیت، بۆ ڕەزامەندی هاوڕێیەتیکردنی کەسێک بەزووترین کات.

2- بۆ ژمارەی هاوڕێکانت لە تویتەر هیچ ئاست و سنوورێک نییە.

3- تویتەر ریگەت پێ دەدات ئەو کەسانە بناسیت و پەیوەندییان پێوە بکەیت کە پێشتر نەتناسیوە، بەهۆی بەشداریکردنتان لەهەمان بابەخدان کە هاوکارە بۆ گواستنەوەی ئەو زانیارییە لەنێوانتاندا.

4 -سوودوەرگرتن لەکات لە تویتەر، ئەوەش بەهۆی نەبوونی یاری تیایدا کە کات بەفیڕۆ دەبات، و کەس ناتوانێ بێزارت بکات بەکاری تاک لەوێنەیەکدا کە بەشێک نەبی لەو، و هیچ ناچار نیت دوگمەی سەرسامی داگریت بۆ دڵ رازیکردنی هاوڕێیەکەت.

5 -مەترسیە ئەمنییەکان لە تویتەر کەمترن، چونکە هیچ زانیارییەکی ورد لەسەر تۆ و لەسەر وێنەکەت و لەسەر خانەوادەکەت نییە.

6- هاوڕێکانت ناتوانن کەسایەتیت ناشیرین بکەن و بیشێوێنن بەبڵاوکردنەوەی ئەوەی کە تۆ پێت پەسند نییە، و هیچ کەسێک ناتوانێ تویتێک بنێرێت بەناو حیسابەکەی تۆ.
7 -لەباشترین سوودەکانی تویتەر هاش تاکە، پێویست بەهیچ ناکات تەنها هاش تاکت زیاد بکە لەخانەی نامەوە، دەگاتە هەموو ئەوانەی شوێنکەوتووی ئەو بابەتەن.
8 -نوێکردنەوەیەکی خێرایی هەواڵ و ڕووداوەکانە.
9 -بڵاوکردنەوەی ئاسان و سادەو خێرای زانیارییەکانە.
10- تویتەر زیاتر بەربڵاوەترە لە فیسبوک و ڕێگە بەدانانی هەموو جۆرە پەیوەندییەک دەکات لەگەڵ هەموو مرۆڤەکان لەهەر کوێیەک بن.

**نەرێنییەکانی تۆڕی تویتەر(twitter):**
1- بوونی ریکلامی بێزارکەر لەسەر لاپەڕەی بەکارهێنەر، پێگەکە هەوڵی ئەوەشی داوە کە گرفتە چارەسەر بکات، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە.
2 -سنووردارکردنی دەربڕینی بیرکردنەوەکانی مرۆڤەکان، چونکە هەر تویتێک تەنها 280 پیتی تێدایە.
3 -وێنەیەکی سپی بەکارهێنەر بەردەوام دەردەکەوێت، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، بەو پێیەی دەدرێت بە بەکارهێنەرانی نوێ یان ئەو کەسانەی کە وێنەی تایبەتی خۆیان لە سایتەکەدا بارنەکردووە.
4 -تیایدا چەندین تویت بڵاودەکاتەوە کە هێرش دەکەنە سەر ژنان و ڕەگەزپەرستی دژی مرۆڤەکان.
5-بەردەوام ریکلامی بێزارکەر پیشان دەدات، وە تا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە نییە.
6- زۆر تۆری تر هەیە لەم تۆرە باشترە، بەو پێیەی تویتەر ئایدیاڵ نییە بۆ ناوەڕۆکی بینراو، بەو پێیەی بە شێوەیەکی سەرەکی دەقەکە.

## پۆدکاستPodcast

**پێناسەی پۆدکاست:**
پۆدکاست یەکێکە لە ئامرازەکانی میدیای نوێی ژمارەیی، شێواز یان ڕێگایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرە بەرنامەیەکی تۆمارکراوی دەنگی، کە ڕێگە بە بەکاربەران دەدات داونلۆد یان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەئاسانی گوێی لێبگرن.

یان تۆمارە ئەلیکترۆنییەکە برگە دەنگییەکان پەخش دەکات، وەک ئەوەی بەرنامەی کورتی تۆمارکراوی دەنگی بن، گۆیگریش توانای خەزنکردنیانی هەیە، تاکو هەر کاتیک ئارەزووی لی بیت گوێیان لی بگرێت.

پۆدکاست جۆرێکی میدیایەی نوێیە کە وەک ڕادیۆیەکی ئینتەرنێتی، لە شێوەی زنجیرەی تۆمارکراوە کە بە خۆڕایی پەخش دەکرێت، بەڵام دەتوانرێت دابەزێنرێت و لە هەرکاتێک بەکاربەر پێویستی پێێ بیت دەتوانێت گوێبیستی بێت.

**مێژووی پۆدکاست**

شەی پۆدکاست لە ئەنجامی لێکدانی هەر دوو وشەی ئایپۆد و وەشاندن (برۆدکاست) درووستبووە. وشەی پۆدکاست ( (Podcastingبۆ یەکەمینجار لەلایەن ڕۆژنامەنووسی گاردیان و ستونووسی BBC بیبیسی کورتکراوەی British Broadcasting Corporationیان ناوەندی ڕاگەیاندنی بەریتانیایە وە بە ناوەندی هەواڵ و زانیاری بەریتانیا دەگوترێت کە پێگەکەی لە شاری لەندەنە،. بێن هامەرسلی پێشنیارکرا. ئەمەش ئەوکاتەبوو کە ناوبراو وتارێکی لە شوباتی ٢٠٠٤ لە گاردیان بڵاوکردەوە. لەسەرەتادا پۆدکاست بۆ خوێندنەوەی دەنگی بلۆگ و نووسراوەکانی وێب بەکاردەهات. دواتر کۆمپانیای ئەپڵ لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٥، بەرنامەی پۆدکاستی بۆ ئایپۆد و ئایتونز زیادکرد.

**پۆدکاستەکان لە ئەپلیکەیشنەکانی:**

Spotify-1

Apple Podcasts-2

Google Podcasts- 3

SoundCloud -4

Castbox-5

## خەسڵەتەکانی پۆدکاست :Podcasting

گرنگترین خەسڵەتەکانی پۆدکاست:

1- پابەند نییە بە کاتێکی دیاریکراو: دەتوانی هەر کات و ســـــاتێک کە بتەوێ گوێی لێ بگریت، ئەو تۆمارە دەنگییانە پابەند نین بە کاتێکی دیاریکراو، هەروەها تۆش ناچار نیت تەنها لە کاتێکی دیاریکراودا گوێی لێ بگریت بۆ نموونە وەکو پرۆگرامەکانی رادیۆ. دەتوانی هەر کاتێک و لەهەر کوێیەک ئەو تۆمارە راگریت و دوایی و لەکاتێکی دیکەدا کە خۆت پێت گونجاوە گوێی لێ بگریتەوەو

تەواوی بکەیت. و دەتوانیت ئەو تۆمارە دەستکاریش بکەیت و بیبەیتە پێشەوە یان بۆ ئەو شوێنەی کە خۆت پێت خۆشە و هەموو ئەوانەش بازدەی کە پێت خۆش نییە گوێت لێی بێت، و خەسڵەتێکی دیکەی هەیە دەتوانی ئەو تۆمارەی نوێیەو پێت خۆشـــە بۆت عەمبار بکرێت تا کاتێکی دیکە گوێیان لێ بگریت.

2-جێبەجێکردنی ئاسان:دروستکردنی تۆمارێکی دەنگی یاخود وێنەیی زۆر کەرەستەو سەختی ناوێ، لەداهاتوودا ئەوانەتان بۆ دەخەینەڕوو کە بە چ کەرەستەو ئامرازێک دەتوانن کار لەسەر تۆمارێکی دەنگی بەئاسانی بکەن.

3- فرە بوارە: ئەو پرۆگرامانەی کە بەشێوەی پۆدکاست تۆمارکراون لەهەموو بوارەکاندا نایەتە هەژمارکردن، هەر لە زانستی سروشت، سیاسەت، ئابووری، دەروونناسی، تەکنۆلۆژیا، هەواڵ، زمان، میوزیک، ئایین، کات بەسەربردن، و هەرچی بە خەیاڵت دێت، هەر دەرگایەک بدۆزیتەوە چەندان کەس پێی هەڵدەستن، وا کراوە کە هەر کەسەو گوێ لەوە دەگرێت کە دەیەوێت.

4- بەشداریکردنێکی ئاسان: زۆر بەئاسانی دەتوانی بەشدار بیت لەو کەناڵە تۆمارکراوانە، تەنها کلیک لەسەر دوگمەی بەشداریکردن دەکەیت، و لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەر تۆمارییەک راستەوخۆ دەگاتە دەستت، ئەوەش بەو ئامرازە دەبێت کە پێی دەگوترێت کۆکەرەوەی پۆدکاست کە هەڵدەستێت بە وەرگرتنی تۆمارە دەنگی و بینراوەکان و گوێگرتن و بینینیان لەهەر کاتێک تۆ دیاری دەکەیت.

5- ئاسان مامەڵەی کردن: دەتوانی ئەو تۆمارە دەنگی و بینراوانە هەڵبگریت لەسەر بەکارهێنەری (mp3 Player) یاخود لەسەر هەر ئامێرێکی (ئای پاد)، یان ئامێری کۆمپیوتەر، مۆبایلەکان و ...تد ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان.

6- بەخۆڕاییە: زۆربەی هەرە زۆری پۆدکاستەکان خۆڕایین و دەتوانی بەئاسانی دەستت بکەوێت.

## جۆرەکانی پۆدکاست

### 1- پۆدکاستی دەنگیAudio podcast:

ئەم جۆرە لە هەموو جۆرەکانی دیکە بەربڵاوترە، بریتییە لە فایلی دەنگی و ئەمانە لەخۆ دەگرێت: (موزیک و رادیۆ و هەواڵ)، بەڵام زۆرجار بە شێوازی فایلی mp3دەبێت، چونکە ئەم جۆرە شێوازە زیاتر لەگەڵ ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و موبایلەکان دەگونجێ، تایبەتمەندیی ئەم جۆرە لە رووی دروستکردنی و قەبارەی بچووکی فایلەکانیەتی کە هەندێجار لە 10 میگا بایت کەمترە، و سەبارەت بە لایەنی نەرێنی ئەم جۆرە ئەوەیە کە ناوەرۆک و پەیامەکەی تەنها لەچوارچێوەی دەنگدایە.

### 2- ڤیدیۆ Video podcast:

دەستەواژەیەکە بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی ڤیدیۆی لەرێگای ئینتەرنیتەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەم زاراوەیە بۆ جیاکردنەوەی پۆدکاستی دەنگی و پۆدکاستی ڤیدیۆی بەکاردێت کە پێی دەگوترێت ( podcast video)بە (vodcast)یاخود (vidcast) ئەم جۆرە پێویستی بە کاتی زیاترە لە پلان و بەرهەمهێنانەوە، وەکو هەر پرۆژەی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆی، و قەبارەی فایلەکانی ئەم جۆرەیان گەورەترە کە لە100 میگا بایت زیاترە، بۆیە پێویستی بە ئینتەرنێکی خێرایە بۆ هەڵگرتنی (تحمیل)، شیوازەکانی بریتین لە جۆری m4vیان .mp4

3–دەنگ و وێنەی جێگیرکراو: Enhanced podcast

ئەم جۆرەیان کۆکراوەیە لەنێوان هەر دوو جۆری دەنگ و وێنەی جێگیرکراو Audio and still images، بە هەمان شێوەی سلایتەکانی پاوەرپۆینت وایە، لەم جۆرەیان تاکەکان بە ئارەزووی خۆیان دەتوانن ئەو چینە هەڵبژێرن کە ئارەزوویان لێیەتی و راستەوخۆ بچنە سەر ئەو چینە، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کە ناوەرۆکەکەی بە شێوەی بینراو و بیستراو پێشکەش دەکات و بە هەمان قەبارەی پۆدکاستی دەنگی کە زۆر بچووکترە لە پۆدکاستی ڤیدیۆیی.

4–وێنە: Photos podcast

لە بەناوبانگترین پێگە کە ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات بریتین لە پێگەی Flicker و پێگەی.Photobucket

**قۆناغەکانی پۆدکاست:**

1- دروستکردن;Create

دروستکردن یان بەرهەمهێنان ئەوە یانی قۆناغی تۆمارکردنی دەنگ یان پۆدکاستەکە. میوان و پێشکەشکارەکە گفتوگۆدەکەن و دەنگی خۆیان تۆماردەکەن لەو قۆناغە.

2–دابەشکردن; Distribute

دابەشکردن ئەوە کاتێک قۆناغی تۆمارکردن تەواودەبێت. ئەوا پێویستە بڵاوی بکەیەتەوە لەو شوێنانەی پۆدکاستی لێ بڵاودەکرێتەوە کە چەندین تۆڕی بەناوبانگ هەن بۆ ئەو کارە لەوانە گۆگڵ پۆدکاست، ئەپڵ پۆدکاست، زۆری دیکەش هەن.

3–بەدەست گەیشتن;Access

بەدەست گەیشتن، ئەوەیان بۆ گوێگرەکانە کە لە چ بەرنامەیەک دەتوانن بگەن بەو پۆدکاستە و ئایا دەتوانن داونلۆدی بکەن. هەروەها سەبسکرایبکردنی واتە پارەدان ئەگەر پۆدکاستەکە بەپارەبێت یانیش ئەو سەبسکراییبە وەک لایک و فۆلۆو وایە کە هەرکاتێک ئەڵقەی نوێی پۆدکاست هات ئەوا

گوێگرەکان ئاگادار دەکاتەوە کە ئەڵقەی نوێ گەیشتووە. ئەم بەشی ئەکسێسە بۆ بیسەرانی پۆدکاستەکەیە.

**جیاوازی نێوان پۆدکاست و رادیۆ**

- پۆدکاست :

1. لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت وەکو فایلێکی دەنگی بەڵاودەکرێتەوە کە بتوانرێت لەسەرانسەری جیهانی گوێبیستی ببن.

- رادیۆ:

1. لە رێگەی (ترادت)ی رادیۆیی بۆ ناوچەیەکی جۆگرافی دەستنیشانکراو پەخش دەکرێت.

- پۆدکاست:

2. پرۆگرامی پۆدکاست گرنگی تایبەت بە چەند بابەتێک دەدات بە ئامانجی گەیشتن بە ئەو کۆمەڵگەیەی کە گرینگی بەو بابەتانە دەدات. واتە پۆدکاست دەتوانیت خەڵکێکی زیاتر لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە، یان بۆی لای خۆی رابکیشێت، لەبەر تایبەتمەندی و دەوڵەمەندییەکەی.

- رادیۆ:

2.پرۆگرامی رادیۆیی چەندین بابەت وەکو (وەرزشی، سیاسی...تاد) رووماڵ دەکات بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆری بیسەران بدەستەوە بینێت یان لەخۆ بگرێت. لەرادیۆدا، ناوەرۆکی بەرنامەکانی جیاوازن کە ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان دەکات.

- پۆدکاست:

3-کاتێکی دیاریکراو نییە بۆ بیسەران یاخود بەکاربەران، واتە هەر کاتێکی بیەوێت دەتوانێت داونلۆدی بکات و گوێی لێ بگرێت.

- رادیۆ:

3. بە شێوەیەکی رۆژانە، زیاتر لەکاتی بەیانیان، کاتژمێرەکانی دیارنین چونکە رادیۆ هەیە بە بیست چوار کاتژمێر پەخش دەکات. یاخود رادیۆ پەیوەستە بە پلان و نەخشەدانانی تایبەتی رۆژانەی خۆی کە دانراوە بۆ بەرنامەکانی.

- پۆدکاست:

4-لە پۆدکاستدا دەتوانرێتن بزانرێ کە چەند کەس ئەو پۆدکاستەیان داونلۆدییان کردووە.

- رادیۆ:

4-لە رادیۆدا ناتوانرێت ژمارەی بەکارهێنەران یان بیسەرانی بزانرێت.

- پۆدکاست:

5-پۆدکاست تەمەنێکی درێژتریی هەیە، کە بەکاربەر دەتوانێت دوای چەند مانگ یان ساڵ گوێبستی ببێتەوە. واتە بەکاریبهێنێتەوە بۆ چەند جارێکی دیکە..

- رادیۆ:

5-کاتێ بەرنامەکە پەخشکرا، ناتوانی بۆی بگەڕێیتەوە، چونکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەرنامەکان بڵاودەکرێنەوە.

# ویکی wiki

## پێناسەی ویکی

دەستەواژەیەکە بۆ ئەم وێبسایتەیە کە رێگە دەدات بە بەکاربەرانی تاوەکو سەرجەم زانیارییەکانیان بڵاو بکەنەوە، هەر چییەک تایبەت بە کۆمپانیا یان دامەزراوەیەکی دیاریکراو بێت، هەروەها کەسایەتی بەناوبانگیش بە هەمان شێوە دەتوانن زانیاری کەسی خۆیان تێدا بڵاو بکەنەوە.

یانیش دەتوانین بڵێین ئینسایکلۆپیدیایەکی ئازادی سەرهێڵە کە هەموو کەسێک دەتوانێت دەسکاری ناوەرۆکی بابەتەکان تیایدا بکات.

## مێژووی ویکیwiki

ویکی لە ساڵی 15ي يناير‌ي 2001 لەلایەن جیمی وێلز Jimmy Wales و لاری سانجر Larry Sanger، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادامەزراند. تاوەکو ئێستا زیاتر لە 295 زمانی زیندوی جیهانی زانیاری بڵاو دەکاتەوە، خۆی وشەی ویکی پەیڤێکی هاواییە(زمانێکی تایبەتی جزیرەی هاوایە(hwa) لە ئەمریکا بە واتای(خێرا) دێت، ئەوەی لێرەدا مەبەستە لە گەیشتنە بە زانیارییەکانە بە شێوەیەکی خێرایە. هەوەها وێبسایتی ویکی جۆرێکە لە سیستەمی برێوەبردنی ناوەرۆک کە بە سادەترین داتابیسی نێو تۆڕی ئینتەرنێت دەناسرێت.

## دامەزراوەی ویکیمیدیا(Wikimedia Foundation):

دامەزراوەی ویکیمیـدیـا(Wikimedia Foundation): ویکیمیـدیـا دامەزراوەیەکی خێرخوازی و قازانج نەویســـتە. پرۆژەکانی ئەم دامەزراوەیە ســـەرهێڵین و بریتین لە ویکیپیدیا، ویکیفەرهەنگ، ویکیوتە، ویکیپەرتووک، ویکیســـەرچاوە، ویکیمیدیا کۆمنز، ویکیســـەفەر و ویکیدراوە و چەندانی تریش، هاوکات پرۆژەکانی بە زۆربەی زمانەکانی جیهان لەبەر دەستدایە.

**ئەم ڕێکخراوە چەند پرۆژەیەکی هەیە:**

**1 -ویکیپیدیاWikipedia**

زانستنامەیەکی سەر تۆڕی ئینتەرنێتە و بە شێوازی ئازاد بڵاو دەبێتەوە. وتارەکان لە لایەن بەکارهێنەرانی خۆبەخشەوە بڵاودەکرێنەوە، هەربۆیە هەموو کەس لە سەر تۆڕی جیهانی بۆی هەیە دەستکاری بکات.

**2**-ویکي کتێب WikiBooks

پرۆژەیەکی دیکەی ویکیمیدیایە، کە تییدا ئەو کتێبانە تێدا کۆدەکرێنە کە مافی بڵاوکردنەوەیان ئازادە مافی لەبەرگرتنەوە/کۆپی ڕایتیان نییە، هەروەها ڕێگە بەبڵاوکردنەوەی کتێبیش دەدات کە نووسەر بۆ ویکیبووکس بینووسێت.

**3-ویکی زانکۆ-Wikiversity**

پرۆژەیەکی دیکەی ویکیمیدیایە، کەتێیدا فێرکاری بڵاودەکرێتەوە لەسەر گشت بوارێک، کە چەند ئامارازێکی تێدایە جیای دەکاتەوە لە ویکیپیدیا تاکوو بەکاربێت بۆ درووستکردنی فێرکاری لەلایەن مامۆستا و هەروەها ئاسان خوێندنەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەو بابەتە فێربن و تێبگەن.

-4 میتا ویکیWikimedia Meta-Wiki؛

میتا هێمایەتی بە کورتکراوی، ئەوە پێگەیەکی ویکییە بەکاردێت بۆ گەنگەشەکردنی ئەو پرسانەی کە کاریگەری لەســـەر پرۆژەکانی ویکی میدیاوە هەیە. بەکاردێت بۆ گفتوگۆکردن لەســـەر چۆنیەتی بەرەوپێشـــچوونی پرۆگرامی میدیا ویکی، لەگەڵ ئەوەشــدا پەیوەســتە بە پرۆژەکانی ویکی میدیاوە. واتە مێتا ویکی شـــوێنێکە بۆ گفتووگۆکردن لەســـەر پرۆژەکانی ویکیمیدیا، باســـکردنی ڕێســـاکان، دروســـتکردنی دیبەیت، باســـکردنی کێشـــەکانی ویکی، هەروەها ئەنجامدانی هەندێک پرۆســـەی هەڵبژاردن.

**5-ویکی هەواڵ- Wikinews**

ئەمەش پرۆژەیەکی دیکەی ویکیمیدیایە، کە تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ. جگە لە وەرگرتنی هەواڵ و دارشتن لە وێبسایتە جیهانییەکانی دیکە ئەوا ڕێگا بە بەکارهێنەریش دەدات کە خۆی ببێتە ڕۆژنامەنووس هەواڵ و چاوپێکەوتنەکانی خۆی بڵاوبکاتەوە.

**-6 ویکیوتە Wikiquote :**

ویکیوتە (Wikiquote):یەکێکە لە پرۆژە سەرکەوتووەکانی ڕێکخراوی ویکیمیدیا و بیرۆکەکەی لەلایەن دانییڵ ئارستۆن سازکرا و لەلایەن بریۆن ڤاییەر جێبەجێ کرا، مەبەست و ئامانجی ئەم پرۆژەیە ئەوە بوو دروستکردنی سەرچاوەیەک بۆ وتەی کەسانی بەناوبانگ و پەرتووک و پەندی

پێشینان ، لەسەرەتادا ئەم پرۆژەیە تەنیا بە زمانی ئینگلیزی بەردەست بوو دوایی لە تەممووزی ٢٠٠٤ ەوە بەرە بەرە زمانی تر زۆر کران

. **گرنگترین خەسڵەتەکانی ویکی:**

1- **ئاســـــانی لە دەســـــتکاریکردنی ناوەرۆک: ویکی** Wiki ئاســـــانکاری بۆ پرۆســـــەی ئامادەکردنی ناوەرۆکەکان دەکات، هەر لاپەڕەیەک لینکێک بۆ گۆڕانی ناوەرۆکی تێدایە، ئەگەر کەســـــێک یاخود بەکاربەر بیەوێ گۆڕانێک لەسەر ناوەرۆکی لاپەڕەکە بکات، دەبێ کلیک لەسەر ئەو لینکە بکات، لەو کاتە هەندێ نموونەی ئامادەکردنی ناوەرۆکی بۆ دەردەچێت، هەر کاتێ لە زیادکردن و راســـــتکردن ناوەرۆکی لاپەڕەکان تەواو بوو، دەبێ کلیک لەســـــەر هێمای ناردن بکات، ئەوجا لاپەڕەکە بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە گۆڕانکاری لەسەر کردووە.

**2-ئاسانی فرمانەکانی رێکخستنی ناوەرۆک:** بەکارهێنانی فرمانەکانی رێکخستنی ناوەرۆک لە Wiki ئاسانن، بۆیە پێویست بە فێربوونی زمانی HTML ناکات بۆ بەشداریکردنی بەکارهێنەر لە زیادکردن و راستکردنەوەی ناوەرۆکەکانی پێگەکانی Wiki، فەرمانەکانی پیگەی ویکیWiki سادەن لەگەڵ زۆربەی بەکارهێنەرەکان دەگونجێن، تەنانەت ئەوانەشی کەوا شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر کۆمپیوتەرو بەرەوپێشچوونی پێگەکان نییە.

**3-هەڵگرتنی مێژووی تۆماری لاپەڕەکان:** پێگەی Wiki مێژووی تۆماری لاپەڕەکان خەزن دەکات، بۆیە ئەگەر کەســـــێک هەڵەیەکی کرد لە ئامادەکردنی یەکێک لە لاپەڕەکانی، ئەوا دەتوانێ بەئاســـــانی بگەڕێتەوە بۆ لاپەڕەکەی پێشـــــووتری کە خەزن کراوە. دەتوانرێ بەراورد بکرێت لە نێوان هەردوو لاپەڕەدا تاوەکو جیاوازییەکان ببینێت، تەنانەت لە هەڵەیەکردنی مەترسیش، چونکە هەمیشە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ لاپەڕەی پێشتووتر.

**4- هاندانانی کاری هاوکاری:** پێگەی Wiki هەمیشـــــە هانی ئەوە دەدات کە کاری کۆمەڵی بکرێت، بۆیە زۆربەی پێگەکانی Wiki رێگە دەدات بە هەر سەردانیکەرێک ئەگەر هەڵبسێ بە راستکردنەوەو زیادکردنی هەر ناوەرۆکێک بەبێ ئەوەی پێویســـــت بکات خۆی تۆمار کردبێ لە پێگەیWiki. پرۆســـــەی دروســـــتکردنی لینک لەگەڵ لاپەڕەکانی دیکە زۆر ئاســـــانە، چونکە Wiki خۆی هەموو ناوەڕۆکێکی وردو درشـــــتی و داتاکانی پێگەی هەڵگرتووە، پرۆگرامی Wiki هەموو لاپەڕەیەک دەناســـــێت کە دروســـــتکرابێ و هەروەها هەموو لینکێکی لاپەڕەیەکیش، بۆیە لە Wiki دا گرنگی بە لاپەڕەکان نادرێت، ئەوە نا دەتوانی لاپەرەیەکی دیکە دروست بکەیت و پرۆگرامی Wiki خۆڕسکانە هەڵدەستێت بە دروستکردنی لینک بۆ لاپەڕەکانی دیکەی.

**5- ئاسانی دروستکردنی لاپەڕەی نوێ:** زۆر بەئاسانی دەتوانی لاپەڕەیەکی نوێ لە Wiki دروست بکرێتن، پێگەی Wiki وای بۆت فەراهەم کردووە کە دەتوانی لینک بۆ لاپەڕەیەک کە نییە دابنێی،

ئەگەر کلیکت لەسەر هەر یەکێ لەو لینکانەش کرد، ئەوا نموونەیەکت بۆ دەردەکەوێت بۆ زیادکردنی هەر ناوەڕۆکێک، ئەگەر هەر شتێک نووسی بۆ نموونە لەو لاپەڕەیە، وەکو لاپەڕەیەکی نوێ لەسەر پێگەکە دەردەچێت و هەموو لینکەکانی دیکە چالاک دەکرێن بەو لینکەی تازەیەی کە تۆ خاوەنیی.

**6- ئاسانکاری لە پرۆسەی ڕێکخستنی ناوەرۆکەکان:** ئاسانکاری لە پرۆسەی ڕێکخستنی ناوەرۆکەکان هەیە، لەبەر ئەوەی پێگەکانی Wiki وەکو بنکەیەکی داتای وردو پڕ لق و پۆپ کاردەکات، دەتوانی بەو شێوەیەی کە تۆ دەتەوێ ناوەرۆکەکەت ڕێکبخەیت، زۆرێک لە پرۆگرامەکانی سەرپەرشتیکردنی ناوەرۆک، پێش ئەوەی دەست بە نووسینی هەر شتێک بکەیت، پرۆگرامەکە ناچارت دەکات بەهەندێ ڕێکخستنی دیاریکراوەوە پەیوەست بیت، بەڵام لە پێگەی Wiki، دەتوانی خۆت ڕێکخستن بۆ ناوەڕۆکەکەت بکەیت لەسەر شێوەی بەشەکان، یاخود بەبێ بەشەکان، و سەردانیکەر دەتوانی بڕواتە سەر هەر لینکێک لەپێگەکە کە لاپەڕەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، و دەتوانرێ هەردوو شێواز کۆبکرێتەوە یاخود ڕێگەیەکی نوێ بدۆزیتەوە بۆ ڕێکخستنی ناوەرۆکەکان.

**کەموکورتییەکانی ویکی**

یەکەم/لەسەر بەکارهێنەرانی نوێ گران دەوەستی لە چۆنیەتی دەستکاریکرنی بابەتەکان.

دووەم/هەر دەستکاری و ئاڵوگۆڕێک لە ویکی زۆر جار خاڵییە لەرووی زانستییەوە.

سێیەم/ لە رووی کوالیتییەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بابەتەکانی ویکیدا دەبینرێتن.

چوارەم/بانگەشە پەنهانەکان دەکرێ زۆرێکیان هەڵە، یان سەرلێشێوێنەربن.

پێنجەم/ زۆرجار بابەتەکان گشتگیر نین و هەڵەیان زۆرە.

شەشەم/ زۆرترین ئەوانەی دەستکاری ناوەرۆکی بابەتەکان دەکەن لە گەنجان و پیاوان، لایەنگیریان پێوە دیارە.